# پاش خامنەیی؛ ڕێبەری داهاتوو و داهاتووی ویلایەتی فەقیه




## ناوەڕۆک:


- پێشەکی
- یەکەم: مەرجەکانی هەڵبژاردنی ڕێبەر لە دەستووردا:
  - ❊ یەک.دەستوور و پرۆسەی هەڵبژاردنی ڕێبەر
  - ❊ دوو.دەسەڵاتەکانی ڕێبەری و ویلایەتی ڕەهای فەقیه
  - ❊ سێ. بۆشاییی ڕێبەری و لادانی ڕێبەری
- دووەم: بابەتی زاناتربوونی فیقهی و تەنگژەی جێنیشینیی ڕێبەر:
  - ❊ یەک. ئەزموونی دوای مردنی خومەینی و تێپەڕبوون لە زاناتربوون
  - ❊ یەکەم: هەموارکردنەوەی دەستوور و لادانی مەرجی زاناتربوون
  - ❊ دووەم: گەورەکردنەوەی زاناتربوونی خامنەیی و بانگەشەی بەرباڵاو بە کەڵکوەرگرتن لە دەزگەکانی وڵات
  - ❊ دوو. مەرجەعسازی:
- سێیەم: ئەو دامەزراوانەی کاریگەرییان لە هەڵبژاردنی ڕێبەردا هەیە:
  - ❊ یەک. ئەنجومەنی شارەزایان

* دوو. ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور
* سێ. سوپای پاسداران
* چوار. دامەزراوەی سەرۆکایەتیی کۆمار
* پێنج. ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام

**- چوارەم: ئەو سیناریۆیانەی بۆ دوای خامنەیی ئەگەری پەیدابوونیان هەیە:**

* یەک. دەستاودەستکردنی ئاشتییانە و ئارامی دەسەڵات
* دوو. وەسیەتکردن: واتا ئەوەی کە عەلی خامنەیی خۆی جێنشینی خۆی هەڵبژاردبێت
* سێ. دەستێوەردانی سوپای پاسداران

**- پێنجەم. جێنشینەکانی خامنەیی و کارنامەکەیان:**

* یەک. ئیبراهیم ڕەئیسی
* دوو. موجتەبا خامنەیی و ئەگەری بەمیراتیبوونی ڕێبەری
* سێ. سادق لاریجانی
* چوار. ڕێبەر پێش ئەوەی ماڵاوایی لە ژیان بکات جێنشین بۆ خۆی هەڵبژێرێت
* پێنج. لە دەرەوەی سیستەم
* شەشەم: گۆڕانی کەش.. مشتومڕ لەسەر دەستوور

**- ئێستا لە ئێران سێ ڕوانگەی جیاواز دەربارەی دەستوور هەیە:**

* ڕوانگەی یەکەم: نوخبە دەسەڵاتدارەکانن کە بەتەواوی دژی هەر چەشنە گۆڕانێکی دەستوورن.
* ڕوانگەی دووەم: خوازیاری گۆڕانی ڕیشەییی دەستوورن.
* ڕوانگەی سێیەم: لەناو نیزامدان، بەڵام خوازیاری گۆڕانی حەکیمانەی دەستوورن، بە چەشنێک کە لەگەڵ هزری ڕیفۆرمخوازانەیان یەک بگرێتەوە.

**- یەک. ڕیفۆرم لە ناوەوە**

**- دوو. چاکسازیی ڕیشەیی و گۆڕینی دەستوور**

**- ئەنجام**

# پاش خامنەیی؛ ڕێبەری داهاتوو و داهاتووی ویلایەتی فەقیه

توێژەرانی دامەزراوەی نێودەوڵەتیی توێژینەوەکانی ئێران: د. موعتەسەم سەدیق عەبدوڵڵا / د. محەمەد ئەلسەید ئەلسەیاد

وەرگێڕانی (لە فارسییەوە): ساماڵ ئەحمەدی

## پێشەکی

ئەمڕۆ ئێران کەوتووەتە هەستیارترین و چارەنووسسازترین قۆناغەوە لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینییەوە تاکوو ئێستا. ئایەتوڵڵا خامنەیی لەدایکبووی ١٩٣٩ی زایینی، ئێستا تەمەنی گەیشتووەتە ٨٤ ساڵ و ئاشکرایە کە کۆمەڵێک هەوڵ بۆ چنینی پازڵێک بۆ ڕۆژی دوای مەرگی ئەو لەگەڕدایە. بۆ جێگرەوەی خامنەیی چەندان سیناریۆ هەیە و چاوەڕێ دەکرێت لەم بێنەوبەردەیەدا نەوەی دووەمی شۆڕش جێی نەوەی یەکەم بگرێتەوە. کەواتا گۆڕان تەنیا لە نووکی قووچەکی دەسەڵاتدا نابڕێتەوە، بەڵکوو پەل دەهاوێژێ بۆ کاروباری ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووریش. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بە دیدێکی واقعبینانەوە سیناریۆکانی پاش خامنەیی تاوتوێ بکەین بۆ ئەوەی نەخشەی فکری و سیاسیی ئێران بەو جۆرەی کە هەیە بناسین و سەبارەت بە چییەتی و داهاتووی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بگەین بە تێگەیشتنێکی دروست.

### یەکەم: مەرجەکانی هەڵبژاردنی ڕێبەر لە دەستووردا

دەستوور کۆمەڵێک مەرجی بۆ ڕێبەر دیاری کردووە و نوخبەکانی بواری حەوزە و سیاسەتیش ئەو مەرجانەیان بۆ وەلیی فەقیە پەژراندووە. ڕێبەری، پلە و پۆستێکی زۆر هەستیارە؛ چونکە سەری سیستەمی سیاسیی ئێرانە و بۆ دانان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو بڕیار و یاسایەک دەسەڵاتی تەواوی هەیە و بەپێی بەرژەوەندی، دەتوانێت هەموو بڕیارێک بخاتە باری جێبەجێکردنەوە، یان هەڵی پەسێرێت. پۆستی ڕێبەری لەنێو هەموو شیعەکاندا پێگەیەکی تەوەرەییی هەیە، چونکە

کاریگەریی ڕێبەر - ئەرێنی بێت، یان نەرێنی بێت - هەموو شیعەکان دەگرێتەوە. هەڵبەت وەلیی فەقیە لە دەرەوەی ئێرانیش هاوکات کە چەندان لاسایکەرەوە (موقەللید)ی هەیە، دوژمن و خەنیمیشی زۆرە.

## یەک.دەستوور و پرۆسەی هەڵبژاردنی ڕێبەر:

دەستووری ئێران ڕەوتی هەڵبژاردنی ڕێبەری دیاری کردووە و کۆمەڵێک سیفەت و مەرجی بۆ وەلیی فەقیە داناوە. لە ماددەی پێنجەمی دەستووردا ڕوون کراوەتەوە کە "لە سەردەمی دیارنەبوونی حەزرەتی وەلیی سەردەم (وەلیی عەسر)دا...، لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ویلایەتی ئەمر و ئیمامەتیی ئۆمەت لە ئەستۆی فەقیهی دادپەروەر، خۆپارێز (بەدین و لەخواترس)، سەردەمناس، ئازا، بەڕێوەبەر و بەبیرە، کە بەپێی ماددەی١٠٧ (ی دەستوور) لە ئەستۆی دەگرێت." ئەو ماددەیە ڕوونی دەکاتەوە کە لە سەردەمی دیارنەبوونی "ئیمامی مەعسووم"دا ویلایەتی ئەمر تەنیا لە دەسەڵاتی فەقیهێکدایە کە دادپەروەر و خۆپارێز و سەردەمناس بێت. بەڵام دەربارەی ئەو مەرجانەی کە پێویستە کەسێک وەکوو ڕێبەر هەیبێت، ماددەی ١٠٩ی دەستوور ئاماژە بە مەرجەکان و سیفەتەکانی ڕێبەر دەکات کە بریتین لە: "خاوەنی شیاوێتیی زانستیی پێویست بێت بۆ فتوادان (افتا) لە بوارە جیاوازەکانی فیقە و دادپەروەریدا، هەروەها خاوەنی خۆپارێزیی پێویست بێت بۆ ڕێبەرایەتیی ئۆمەتی ئیسلام و، ڕوانگەی دروستی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەبێت و، بەتەگبیرورِا بێت و، ئازایی و بەڕێوەبەری و دەسەڵاتی پێویستی بۆ ڕێبەرایەتی هەبێت." دەستوور دیاریی کردووە کە ئەگەر بێت و ژمارەی ئەو کەسانەی مەرجەکانی ڕێبەری دەیانگرێتەوە زۆر بێت، ئەوە "ئەو کەسەی کە خاوەنی ڕوانگەیەکی فیقهی و سیاسیی بەهێزتر بێت، لەپێشترە." واتا لە ڕوانگەی دەستوورەوە لەپێشینەیی (ئەولەوییەت) بەو کەسەیە کە لە باری فیقهی و سیاسییەوە زاناتر بێت.

## دوو.دەسەڵاتەکانی ڕێبەری و ویلایەتی ڕەهای فەقیە:

دەستوور لە هەموو کاروبارەکانی وڵاتدا - بەبێ ئاوارتە - ویلایەتی ڕەهای بە ڕێبەر داوە. بەپێی ماددەی ١١٠ی دەستوور کاروباری وەکوو: دیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکانی نیزام، فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان، ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی، دانان و لادانی یەکە بە یەکەی ئەندامەکانی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور و بەرپرسانی دەسەڵاتی دادوەری و فەرماندە گشتییەکانی سوپای پاسداران و فەرماندە باڵاکانی هێزە سەربازی و ئەمنییەکان و واژۆی فرمانی سەرۆکایەتیی کۆمار دوای هەڵبژاردنی لەلایەن خەڵکەوە و لادانی سەرۆککۆمار بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی وڵات، لە ئەرک و دەسەڵاتەکانی ڕێبەرین. لە بواری ئایینیدا ڕێبەر پێشنوێژ و تاربێژی هەموو پارێزگاکان دیاری دەکات. بڕیاری ئەو لە

ڕیزی بڕیاری یەکەمدایە و لە بڕیاری دووەم لەپێشترە و لەوانەیە لە بڕیاری یەکەمیش لەپێشتر بێت. ڕێبەر دەتوانێت بەپێی بەرژەوەندی، ڕێگری لە نوێژکردن بکات و مزگەوتەکان دابخات و بەجێهێنانی فەرزەکانیش هەڵپەسێرێت.[١]

## سێ. بۆشاییی ڕێبەری و لادانی ڕێبەری:

دەربارەی لادانی ڕێبەری لەبەر نەبوونی توانای بەجێهێنانی ئەو ئەرکانەی لە دەستووردا بۆی دیاری کراون، یان بێت و یەکێک لەو مەرجانە لەدەست بدات کە لە ماددەکانی ٥ و ١٠ی دەستووردا هاتوون، ماددەی ١١١ی دەستوور ڕوونی کردووەتەوە کە لەو بارەدا ڕێبەر لەلایەن ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەرییەوە لە پۆستەکەی لا دەدرێت. هەروەها ئەگەر بێت و ڕێبەر بمرێت، یان دەست لە پۆستەکەی بکێشێتەوە، یان لا بدرێت، پێویستە ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەری بە زووترین کات ڕێبەری نوێ دیاری بکات و بیناسێنێت. تاکوو ئەو کاتەی ڕێبەر دەناسێنرێت، ئەنجومەنێکی پێکهاتوو لە سەرۆککۆمار و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری و یەکێک لە فەقیهەکانی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور لەلایەن ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامەوە ڕادەسپێردرێن بۆ ئەوەی بە شێوەی کاتی هەموو ئەرکەکانی ڕێبەری لە ئەستۆ بگرن. ئەگەر بێت و لەو ماوەیەدا یەکێک لەو کەسانە بە هەر هۆکارێک نەتوانێ ئەرکەکانی خۆی بەجێ بێنێت، ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکان، وێڕای پاراستنی زۆرینەی فەقیهەکانی ناو ئەنجومەن، کەسێکی دیکە لە جێی ئەو دادەنێت. بەپێی ماددەی ١١١ی دەستوور هەر کاتێک ڕێبەر بەهۆی نەخۆشی، یان ڕووداوێکی دیکە بە شێوەی کاتی توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی نەبێت، ئەوە ئەنجومەنی ناوبراو لەم ماددەیەی دەستووردا ئەرکەکانی لە ئەستۆ دەگرێت.

جێی ئاماژەیە کە ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، دەستەیەکی ڕاوێژکارییە لەژێر چاودێریی ڕێبەردا کار دەکات و وەکوو ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەری نییە کە سەربەخۆیییەکی ڕێژەیی هەبێت؛ بۆیە ئەوەی کە وەها دەسەڵاتێک بە ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام دراوە و بە ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەری نەدراوە، جێی لێوردبوونەوە و تێڕامانە.

لە ماددەی ١٠٧ی دەستووردا باسی بابەتی هەڵبژاردنی ڕێبەری نوێ دوای مردنی ڕێبەری ئێستا هاتووە: "دوای وەفاتی مەرجەع (لێڤەگەڕ)ی قەدرگران و ڕێبەری مەزنی شۆڕشی جیهانیی ئیسلام و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، حەزرەتی ئایەتوڵڵا ئەلعوزما ئیمام خومەینی کە لەلایەن زۆرینەی یەکلاکەرەوەی خەڵکەوە بە مەرجەع و ڕێبەر ناسراوە و قبووڵ کراوە، دیاریکردنی ڕێبەر لە ئەستۆی شارەزایانی هەڵبژێردراوی خەڵکە. شارەزایانی ڕێبەری دەربارەی هەموو ئەو فەقیهانە ڕوایێژ دەکەن کە مەرجە دیاریکراوەکانی ناو ماددەکانی پێنجەم و سەد و نۆیەمی دەستوور دەیانگرێتەوە و، ئەگەر یەکێکیان

لە حوکمەکان و بابەتە فیقهییەکاندا، یان لە بوارەیلی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بە زاناتر بزانن، یان پێیان وابێت کە بە لای ڕای گشتییەوە پەژراوترە، یان لە یەکێک لەو سیفەتانەدا کە لە ماددەی سەد و نۆیەمدا هاتوون لێهاتووییەکی تایبەتی هەیە، ئەوەیان بە ڕێبەر هەڵدەبژێرن. لە غەیری ئەوەیش یەکێکیان وەکوو ڕێبەر هەڵدەبژێرن و دەیناسێنن." بەڵام لە ماددەی ۱۰۷ی دەستووره کۆنەکەدا، بەر لە پێداچوونەوەی، ڕوون کرابووەوە کە: "هەر کاتێک شارەزایان بزانن یەکێک لە مەرجەعەکان جیاوازییەکی تایبەتی بۆ ڕێبەری هەیە، ئەو کەسە وەکوو ڕێبەر بە گەل دەناسێنن. دەنا سێ، یان پێنج کەس لەو موجتەهیدانەی کۆی مەرجەکانیان هەیە، وەکوو ئەنجوومەنی ڕێبەری بە گەل دەناسێنن." ئەو هەمووارکردنەی ساڵی ۱۹۸۹ لە دەستووردا کرا، ئەنجوومەنی ڕێبەریی لا برد؛ تەنانەت ئەگەر یەک کەسیش خاوەنی مەرجەکانی ڕێبەری بۆ وەئەستۆگرتنی ئەو پۆستە نەبێت. لە کاتی هەمووارکردنەوەی دەستووردا مەرجی مەرجەعییەتیش بۆ ڕێبەری لا درا؛ واتا دەستوور ئەگەری دەستەوەستانیی فیقهیی ڕێبەری پەژراندووە و ئەگەری دانانی ئەنجوومەنی ڕێبەریی لا داوە کە دەیتوانی دەستەوەستانیی فیقهیی ئەو ڕێبەرە قەرەبوو بکاتەوە کەوا بە پلەی ئیجتیهاد (پلەی هەڵهێنجانی بابەتە شەرعییەکان لە قورئان و فەرموودەکان) نەگەیشتووە!

### دووەم: بابەتی زاناتربوونی فیقهی و تەنگژەی جێنیشینیی ڕێبەر

ئایەتوڵڵا خومەینی (۱۹۰۲ - ۱۹۸۹ز) زاناتربوونی فیقهیی وەکوو مەرجی ویلایەتی فەقیه قبووڵ نەبوو، بەڵکوو بە گوێرەی ئەوەی کە ئایەتوڵڵا مەحموود هاشمیی شاهڕوودی لێی دەگێڕێتەوە، سێ مەرجی "فەقیهبوون، دادپەروەری و شیاوێتی"ی بۆ ڕێبەری، بە کیفایەت زانیوە. شاهڕوودی دەڵێت: ویلایەتی فەقیه لە پێویستییەکانی مەزهەب نییە؛ لەبەر ئەمە، کەسێک کە ویلایەتی فەقیهی قبووڵ نەبێت، بە کافر دانانرێت. هۆکاری ئەوەی کە خومەینی زاناتربوونی بە مەرجی وەلیی فەقیه نەدەزانی، بە لەبەرچاوگرتنی کەشی سیاسی و حەوزەییی ئەوکات شیاوی لێتێگەیشتنە. خومەینی لەو سەردەمەدا لە نووکی قووچەکی مەرجەعەکانی شیعەدا نەبوو، بەڵکوو ژمارەیەک خەنیمی بەهێزی وەکوو ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری، ئایەتوڵڵا مەرعەشیی نەجەفی و ئایەتوڵڵا گوڵپایەگانی لە پێگەی مەرجەعییەتی شیعەدا لە خومەینی باڵاتر بوون و خومەینی لە پلەی چوارەمدا بوو. وا دەردەکەوێت کە خومەینی بە نەبوونی مەرجی زاناتربوون لە ڕێبەریدا، مەودای خۆی و پۆستی ڕێبەریی نەهێشت. ئەو کاتەی خومەینی بوو بە ڕێبەری ئێران، پشتی بە پشتیوانیی بێ ئەملاوئەولای خەڵک لە سەرەتای شۆڕشدا و ئەو ڕیفراندۆمە بەست کە سەبارەت بە ئیسلامیبوونی حکوومەت بەڕێوە چوو. سەرباری ئەوەی کە لەو سەردەمەدا چەند مەرجەعی گەورەی وەکوو شەریعەتمەداری و گوڵپایەگانی و مەرعەشیی نەجەفییش هەبوون کە ڕەنگە بۆ ڕێبەریی شیعەکان شیاوتر بوون، بەڵام هیچیان بەقەدەر خومەینی خاوەنی کەسایەتیی کاریزماتیک نەبوون و بەو ڕادە زۆرەیش لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانییان لێ نەدەکرا؛ لە ئەنجامی ئەوەدا ناکوکی کەوتە نێوان ئەوان و خومەینییەوە. سەرەنجام،

شەریعەتمەداری تا ئەو کاتەی مرد، لە ماڵەکەی خۆیدا بە دەستبەسەری ژیا و، خەنیمەکانی دیکەی خومەینییش هەر یەکەو بە جۆرێک لاواز کران.

سەرباری ئەوانەیش، بە پێی دەستووری ئێران و دابودەستووری شیعی و حەوزەیی، زاناتربوون مەرجێکی سەرەکیی هەڵبژاردنی ڕێبەرە. بنەماخوازەکان (واتا زانایانی زانستی بنەماکانی فیقه) لە بەشەکانی ئیجتیهاد (هەڵهێنجانی بابەتە شەرعییەکان لە قورئان و فەرموودەکان) و لاساییکردنەوە (تقلید) بە تێروتەسەلی دەربارەی هەڵبژاردنی ڕێبەر باسیان کردووە و هەر ئەم بابەتە لە بەشەکانی (قیاس؛ syllogism؛ deduction) و کۆدەنگی (اجماع)یشدا خراوەتە ڕوو. هەرچەند جەماوەری بنەماخوازەکانی ئەهلی سوننەت سەبارەت بە زاناتربوون قسەیان کردووە، بەڵام لای ئەوان لاساییکردنەوە لە کەمزان سەرباری بوونی زاناتریش بە ڕێپێدراو زانراوە و، ئیجتیهادی فیقهیی لاوەکییان لە ڕیزی بەرگومانەکان (مظنونات) داناوە کە بە بەرییەوە هەیە "واقع" زۆر بەڵگەی جیاوازی بۆ سەلماندن هەبێت. ئەوان "هەقیقەت"یان لە یەک شتدا کورت نەکردووەتەوە، بگرە ددان بە فرەیی هەقیقەتدا دەنێن. لەم ڕووەوە، یەکەم، دەرگەی ئیجتیهادە جیاوازەکانیان بەکراوەیی هێشتەوە ئەگەر ناکۆکییان لەگەڵ بابەتە بڕاوە و نەگۆڕەکان نەبێت و، ڕەواییان بە فرەییخوازیی فیقهی و پەژراندنی ئەوی دی بەخشی و، گەیشتن بەو ماددەیەی کە لەبەر ئەوەی "زۆر هەق (ڕاستی)ی جیاوازمان هەیە"، کەواتا بڕیاری شەرعیی لاوەکی، ڕاستەوڕێ فەرمانی خوداوەند نییە.[٢]

بەڵام لە فیقهی شیعەدا، زانایانی زانستی بنەماکان زاناتربوونی فیقهییان بە مەرجی ئیجتیهاد و فتوا داناوە و لاساییکردنەوە لە موجتەهیدی "زاناتر"یان بۆ هەموو خەڵکی ئاسایی بە واجب (ئەرکی زۆر پێویست) زانیوە. دەگوترێت بۆ ناسینی موجتەهیدی زاناتر چەندان ڕێگە هەیە، لەوانە بەناوبانگبوون و شایەدی لەسەردانی چەند کەسی ئەهلی زانست و هتد. لێرەدا زاناتربوونی ڕێبەر تەنیا لە فیقهدا نابڕێتەوە، بەڵکوو دەستوور بازنەی زاناتربوونی بە هەراوتر زانیوە و ئاگاداربوون لە سەردەم و شیاوێتیی تێگەیشتن لە بابەتەکانی سەردەمیشی بە مەرج داناوە. هەرچەند لە دەستووردا زاناتربوون لە تێگەیشتنی بابەتەکانی سەردەم وەکوو مەرج باس نەکراوە، بەڵام ڕوونکردنەوەی ماددەی ١٠٩ی دەستوور لەسەر بابەتگەلی وەکوو: "هەبوونی ڕوانگەی ڕاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەتەگبیربوون، ئازایەتی، بەڕێوەبەرێتی و دەسەڵاتی تەواو بۆ ڕێبەری" لە بابەتی زاناتربوون و لەبەرچاوگرتنی ئەوەوە پەیدا دەبن. وێ دەچێت کە دەستوور ویستوویەتی لە واتا تەکنیکییە فیقهییەکەی زاناتربوون واوەتر بچێت و بازنەی زاناتربوون بە هەراوتر بزانێت بۆ ئەوەی تێگەیشتنی دروست لە بارودۆخ و هەبوونی توانایی لە بەڕێوەبردن و سیاسەتیش بگرێتەوە، نەکا فەقیهە نەریتییەکان (کە زۆرینەیان لە وردەکاریی زانستی فیقهدا لە خەڵکی دیکە زاناترن) چاو ببڕنە ئەوەی کە بگەن بە پێگەی ڕێبەری.

## یەک. ئەزموونی دوای مردنی خومەینی و تێپەڕبوون لە زاناتربوون:

دوای مەرگی ئـایەتوڵڵا خـومەینی، ڕێـبەری ئێسـتا، ئـایەتوڵڵا خـامنەیی، لەنێـو فەقیهەکـانی شیعەدا زانـاتر نەبـوو، بەڵکوو پلەکەی حوجەتولئیسـلام بـوو. بـۆ هەڵبژاردنـی ئەو وەکـوو ڕێبەر، بـابەتی ئیجتیهادیـان وەپشـتگوێ خست و بـۆ ئەو کـارە دوو ڕێکاریان بە هاوتەریبی یەکتر ڕەچاو کرد.

### یەکەم: هەموارکردنەوەی دەستوور و لادانی مەرجی زاناتربوون؛

مـاددەی ١٠٩ی دەسـتووری پێشـوو دەربـارەی مەرجەکـان و سیفەتەکانی ڕێـبەر بەڕوونـی دەسـتەواژەی: "مەرجـی ڕێـبەر، یـان ئەنجـومەنی ڕێـبەری: شـیاوێتیی زانسـتی و خۆپـارێزیی پێویسـت بـۆ فتـوا و مەرجەعییەتـی"ی تێـدا هـاتبوو. بەڵام دوای پێـداچوونەوەی دەسـتوور لە مـاددەی ١٠٩دا سـەبارەت بە "شـیاوێتی و مەرجەکـانی پێویسـت بـۆ ڕێـبەری: شـیاوێتیی زانسـتیی پێویسـت بـۆ فتـوادان سـەبارەت بە باسـە جیاوازەکـانی فیقـه" هـاتووە. واتـا دوای هەمـوارکردنەوەی دەسـتوور، دەسـتەواژەی "ئەنـدامانی ئەنجـومەنی ڕێـبەری" لا دراوە و تەنیـا بە هێنـانی "ڕێـبەر" بـڕاوەتەوە. هەروەهـا لە دەسـتووری هەمـوارکراودا مەرجی مەرجەعییەت لا دراوە و بە هێنانی شیاوێتیی زانستی بڕاوەتەوە.

پێـداچوونەوەی دەسـتوور ڕووداوێکـی زۆر گرنـگ و چارەنووسـسـازە لە مێـژووی هـاوچەرخی ئێرانـدا. چـونکە هەرچەنـد بەڕواڵەت ئەوە هەمـوارکردنەوەیەکی نەرم بـوو بە لادانـی هەنـدێک لە مەرجەکـانی ڕێـبەری، بەڵام بە لێکدانەوەی ئـایەتوڵڵا مـونتەزیری، لە ناوەڕۆکـدا بەو هەمـوارکردنەوەیەی دەسـتوور، زۆرداری لە وڵاتـدا بەهێـز کـرا. ئـایەتوڵڵا حسـێنعەلیی مـونتەزیری ئەو هەموارکردنەوەیەی دەستوور بەپێچەوانەی دەستوور و شەرع دەزانـێ.[٣] بەڵام لە ڕوانگەی شەرعەوە مونتەزیری زانـاتربوون بە مەرجی ڕێـبەر دادەنێت کە لەو کـاتەدا خـامنەیی ئەو مەرجەی نەبـوو بـۆ ئەوەی ببێ بە ڕێبەر. دەبینـین ئەگەری گەڕانەوە بـۆ ئەنجـومەنی ڕێـبەری لە کـاتی نەبـوونی مەرجەکـانی ڕێـبەری لە یەک کەسـدا، کە لە دەسـتووری پێشـوودا هەبـوو، لا درا. هەروەهـا وەکـوو ئەوەی کە پێشـتر باسـی لێـوە کـرا، لە دەسـتوورە هەمـوارکراوەکەدا ڕێـبەری بە شـێوەی تاکەکەسـییە، نەک ئەنجومەنی.

### دووەم: گەورەکردنەوەی زاناتربوونی خامنەیی و بانگەشەی بەربڵاو بە کەڵکوەرگرتن لە دەزگەکانی وڵات؛

بە شێوەیەک کە دەکرێ بە پرۆسەی "لاساییکردنەوەی زۆرەملێ" باس بکرێت و، هەر کەسێک کە لاساییکەرەوەی خامنەیی

نەبوو، بە شێوەیەک ناچار دەکرا لاسایی بکاتەوە؛ دەنا بەرژەوەندییەکانی خۆی لەدەست دەدا و لە دامودەزگەی حکوومەتی بێبەری دەکرا. جاری واش بوو لایەنگرانی خامنەیی بە توندوتیژی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مەرجەعەکانی دیکەی خەنیمی خامنەیی دەکرد. بۆ نموونە، هەڵیان کوتایە سەر نووسینگەی ئایەتوڵڵا مونتەزیری و وەبەر بەردیان دا و دەرک و پەنجەرەیان شکاند و سووکایەتییان بەو تەڵەبانەیش کرد کە لەوێ بوون.[4] دەکرێ بەو پرۆسەیە بڵێین پرۆسەی مەرجەعسازی کە بەرهەمەکەی مەرجەعی فەرمییە، نەک مەرجەعی جەماوەری. واتا بنەمای بەناوبانگبوون و هەڵبژاردنی خەڵک لە بەمەرجەعبوونی ئەودا ڕۆڵی نەبووە و بێ گومان ئەوە گۆڕانێکە لە ڕەوتی مەرجەعییەتدا کە سەربەخۆیی مێژوویی مەرجەعییەت دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

## دوو. مەرجەعسازی:

کە دەگەڕێینە بۆ سەردەمانی سەرەتای شۆڕش، دەبینین کە خومەینی (١٩٠٢ - ١٩٨٩ز) لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشدا لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی گەورەترین مەرجەع نەبوو، بەڵکوو مەرجەعە بەناوبانگەکانی دیکەی وەکوو ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری (١٩٠٦ - ١٩٨٦ز)، ئایەتوڵڵا گوڵپایەگانی (١٨٩٩ - ١٩٩٣ز) و ئایەتوڵڵا مەرعەشیی نەجەفی (١٨٩٧ - ١٩٩١ز)ش هەبوون. بەڵام کەسایەتیی شۆڕشگێڕی خومەینی و لێهاتوویی لە بواری سیاسیدا و بەدەستەوەگرتنی کاروباری وڵات، بووە هۆی ئەوەی کە ئەو وەکوو ڕێبەری ئایینی و سیاسی ناو دەربکات. لەو سەردەمەدا ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری لە بالاترین مەرجەعە ئایینییەکانی ئێران بوو کە لەگەڵ دوو هاوتاکەی دیکەی، واتا ئایەتوڵڵایان مەرعەشیی نەجەفی و گوڵپایەگانی، سەرقاڵی بەڕێوەبردنی حەوزە بوو. بەڵام چونکە ئەو بە پێچەوانەی دوو هاوتاکەی دیکەی، ئەهلی سیاسەت و لایەنگری حکوومەتی مۆدێرن و یاساتەوەر بوو، نوخبە دەسەڵاتدارەکان لێی وەخۆ کەوتن و لە ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەریان کرد. هەندێک لە قوتابییەکانی دەستگیر کران و هەڵکوترایە سەر نووسینگەکانی نوێنەرایەتییشی. دواتر مەرجەعی ئایینی، محەممەد شیرازی ( ١٩٢٨ - ٢٠٠١ز) و چەند مەرجەعی دیکەیش هەر بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کرا و، بەو شێوەیە بوو کە خومەینی ڕێبەرایەتیی ئایینی و سیاسیی بۆ خۆی پاوان کرد.

بۆ ئەوەی درکێکی باشترمان سەبارەت بە بابەتەکە هەبێت، خستنەڕووی ئەم ماددەیەیش پێویستە کە ئەو سەردەمەی خامنەیی دوای خومەینی بوو بە ڕێبەر، هێشتا بە پلەی مەرجەعییەت و ئیجتیهاد نەگەیشتبوو. بەڵام حوجەتولئیسلام هاشمیی ڕەفسەنجانی کە لەو سەردەمەدا بەبڕشتترین کەسایەتی بوو، پێی وابوو ئەگەر خامنەیی ببێت بە ڕێبەر، ئەوە دۆسیەی جێنشینی وەلانراوی ڕێبەری، ئایەتوڵڵا مونتەزیری، کە ماوەیەکی کورت پێش مەرگی خومەینی لە پۆستەکەی لا درابوو، بەڵام دەسەڵات و بڕشتی هەر هەبوو، کۆتایی پێ دێت. بڕیاردەران لەو سەردەمەدا پێیان وا بوو هەڵبژاردنی

خامنەیی وەکوو ڕێبەر، بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزێت. ڕەنگە ڕەفسەنجانییش پێی وا بووبێ لەبەر ئەوەی خۆی خامنەییی گەیاندووەتە پۆستی ڕێبەری و، بەپێی ئەو بڕشتە سیاسی و ئیدارییەی هەیەتی، دەتوانێت لە پشت پەردەوە بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکات. پێیشی وا بوو دەتوانێت بە شێوەیەکی نەرم دەسەڵات دابەش بکات؛ واتا خۆی هەر لە پۆستی سەرۆکایەتیی کۆماردا بمێنێتەوە کە دوای هەموارکردنەوەی دەستوور لە ساڵی ١٩٨٩ دەسەڵاتی بەربڵاوی پەیدا کردبوو، ڕێبەرایەتیی وڵاتیش بۆ خامنەیی بێت. هەڵبەت ئەم لێکدانەوەیە لە دەرەوەی جەماوەری شیعە نییە، بەڵکوو بیرمەندانی وەکوو "هانی فەحس"یش (١٩٤٦ - ٢٠١٤ز) هەمان بۆچوونیان هەیە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە خامنەیی بوو بە ڕێبەر، مەرجەکانی ڕێبەریی نەبوو. دەشڵێت: "خامنەییی ئەو سەردەمە لەگەڵ خامنەییی ئێستا جیاواز بوو. ئەو کەسێکی ڕۆشنبیر بوو کە زانیاریی زۆری دەربارەی بەرهەمە کەلتوورییەکانی جیهان هەبوو، هەروەها توانای ئەو لە بواری کەلتووریدا زۆر لە بواری فیقهی بەهێزتر بوو. ئیجتیهادی فیقهی و شیاوێتیی ئەو بۆ وەئەستۆگرتنی ویلایەتی فەقیه نەسەلمێنراوە. ڕەفسەنجانی بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەک، کردی بە ڕێبەر و گوتی لە خومەینیی بیستووە کە خامنەیی شیاوی ڕێبەرییە. بەڵام سەرباری ئەوەیش، زۆر کەس لە ئیجتیهادی خامنەیی بەگومان بوون.[٥]"

لە ئەنجامدا، بۆ ئەوەی مەرجەعییەتی خامنەیی چارەسەر بکرێت، لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینی دەستوور هەموار کرایەوە. لەو سەردەمەدا هەندێک لە مەرجەعە گەورەکان وەکوو ئایەتوڵڵا گوڵپایەگانی، ئایەتوڵڵا ئەراکی و ئایەتوڵڵا مونتەزیری کە بەر لە شۆڕش مامۆستای خامنەیی بوو، لە ژیاندا مابوون. ئەو مەرجەعانە هەوڵیان دەدا ڕێبەری بە شێوەی ئەنجومەنی بێت، لەبەر ئەمە، "پێویستیی ڕاوێژکردن لەگەڵ ئایەتوڵڵا مەزنەکان سەبارەت بە کاروباری گرنگ"یان وەبیر خامنەیی هێنایەوە.[٦] نیزام وەکوو گەورەترین مەرجەع ڕاوێژی لەگەڵ ئایەتوڵڵا گوڵپایەگانی دەکرد تاکوو لە ساڵی ١٩٩٣ی زایینی کۆچی دوایی کرد. دوای ئەو ڕاوێژی لەگەڵ ئایەتوڵڵا ئەراکی دەکرد تاکوو ئەویش لە ساڵی ١٩٩٤ی زایینی کۆچی دوایی کرد. ئیتر هیچ مەرجەعێکی گرنگ نەما کە نیزام حیسابی بۆ بکات. بەڵام کەسانی گەورەی دیکەی وەکوو ئایەتوڵڵا ئازەریی قومی تاکوو کاتی وەفاتی لە ساڵی ١٩٩٩ی زایینی لە ماڵی خۆیاندا دەستبەسەر بوون.[٧] بەم شێوەیە بوو کە وەکوو ئەوەی مونتەزیری ئاماژەی پێ دەدات، خامنەیی تەنانەت دوای هەموارکردنەوەی دەستووریش شیاوی ڕێبەری نەبوو. چونکە ماددەی ١٠٩ی دەستووری هەموارکراو لەسەر "پێویستیی شیاوێتیی زانستی و توانای دەرکردنی فتوا لە باسە جیاوازەکانی فیقه" ڕوونکردنەوەی تێدایە، کەچی خامنەیی بەکردەوە ئەو مەرجەی نەبوو.[٨]"

دەتوانین بڵێین ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دوای مەرگی خومەینی دوو ڕێگە زیاتریان لەبەر نەبوو. یەکەم: یان زانایەکی ئایینی کە پێوانە باوەکانی پێویست بۆ مەرجەعییەتی نەبوو وەکوو ڕێبەر هەڵبژێرن. دووەم: یان ئەوەی کە ڕێگە بدەن کەسێک لە دەرەوەی بازنەی خۆیان کە مەرجەکانی مەرجەعییەتی هەیە، پۆستی ڕێبەری وەئەستۆ بگرێت. زۆر ڕوونە کە ئەم

هەڵبـژاردنە بـۆ نـوخبە ویلایەتخـوازە دەسـەڵاتدارەکان مەترسـی بـوو، بـۆیە ئەم بـژاردەیە بەکـردەوە بەتـاڵ بـوو. لەبەر ئەوە، نیزام چـاوی بـڕییە هۆکـاری کـات، چونکە بە تێپەڕبوونی کـات مەرجەعە گەورەکـان لە گۆڕەپـانەکە چوونە دەرەوە و بەرە بەرە بوار بۆ پەژراندنی خـامنەیی وەکـوو مەرجەعـی ئـایینی و سیاسی ڕەخسا. دوای وەفـاتی گوڵپایەگـانی لە سـاڵی ١٩٩٣ی زایینـی، نیـزام پشـتیوانیی لە محەممەدعەلیـی ئەراکـی (١٨٩٤ - ١٩٩٤ز) کـرد کە کەسێکی بەسـاڵاچوو بـوو. کـۆنترۆڵی ئەو کە کەسـێکی بەسـاڵاچووی لایەنگـری نیـزام بـوو، بـۆ نیـزام زۆر ئاسـان بـوو. سـاڵێک دوای مەرگـی گوڵپایەگـانی، ئـایەتوڵڵا ئەراکیـیش لە سـاڵی ١٩٩٤ی زایینـی مـرد. لەو کـاتەدا نیـزام بەوەی زانـی کە هەلـومەرج بـۆ ناسـاندنی خـامنەیی وەکـوو مەرجەعـی گەورە لەبـارە، بـۆ ئەوەی دامەزراوەی ئـایینی و ڕێبەریـی سیاسی لێک بـدرێن. کـۆمەڵەی وانەبێژانـی حەوزەی قـوم لە بەیاننامەیەکـدا کە ڕۆژی ١٢ی سـێپتامبەری ١٩٩٤ی زایینـی بـڵاوی کـردەوە، لیسـتی نـاوی ئەو فەقیهـانەی ڕاگەیانـد کە مەرجەکـانی مەرجەعییەتییـان هەبـوو، نـاوی عەلـی خامنەییشـی تێـدا بـوو. هاوتەریـب لەگەڵ ئەو هەوڵانە، نیـزام لە کەرەسـتە ئەمنییەکـانیش خافـڵ نەبـوو. لە سـەرەتاکانی سـاڵی ١٩٩٥ی زایینیـدا لەو کەسـانەی داوای دامەزرانـدنیان لە کـارە حکوومییەکانـدا دەکـرد، سـەبارەت بە مەرجەعـی لاساییکردنەوەیان پرسیار دەکرا و زۆر ڕوونە کە وەڵام خـامنەیی بـوو. "لینـدا ئـێس واڵبێـرگ" بـاوەڕی وایە حکـوومەتی بـاش دەزانێت چـۆن شـوێنکەوتووان و پشـتیوانانی ئەو مەرجەعـانە ئـازار بـدات کە لەگەڵ حکوومەت ناسازگارن و سەر بە حکوومەت نین. لێرەدایە وەڵامی ئەو پرسیارە فیقهی و فەلسەفییە دەردەکەوێت کە کێ وەلیـی فەقیـه هەڵـدەبژێرێت؟ یەکێـک لە ڕۆحـانییە گەنجەکـان زۆر بەڕوونـی وەڵامـی پرسـیارەکە دەداتەوە و دەڵێـت: "کلاشینکۆف"[٩] واتـا دەسەڵات ڕێبەر دیـاری دەکـات و هەر کەسێک دەسەڵاتی هەبێت دەتوانێت بۆچوونی خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێت.

## سێیەم: ئەو دامەزراوانەی کاریگەرییان لە هەڵبژاردنی ڕێبەردا هەیە

بـۆ هەڵبژاردنی ڕێبەری داهـاتوو چەنـدان دامەزراوەی سیاسی و ئـایینی ڕۆڵیـان هەیە کە بەپێچەوانەی ئەنجومەنی شـارەزایان کە دەستوور بەڕوونـی باسی کـردووە، نـاوی هـیچ کـام لە دامەزراوە پەیوەندیـدارەکانی دیکەی نەهێنـاوە و، ڕاستییەکە لەوەیش پێچەڵپێچترە. کۆمەڵێک دامەزراوەی ئەمنـی و هەواڵگری و سەربازیی گرنگ و هەسـتیار هەن کە لە کـاتی سەرهەڵدانی هەر چەشـنە ڕووداوێکـدا ڕەوشـی نـاوخۆ کـۆنترۆڵ دەکەن و ئەو دۆسیە و بەڵگەنامانەیشـیان لەبەردەسـتدایە کە پەیوەنـدییان بە ئاسایشـی نیشـتمانیی وڵاتەوە هەیە. لەگەڵ ئەوانە، دامەزراوەگەلـی دیـکەی وەکـوو ئەنجـومەنی پاراسـتنی دەسـتوور و ئەنجـومەنی دیـاریکردنی بەرژەوەنـدییەکانی نیـزامیش هەن کە گرنگییەکەیـان لە ئەنجـومەنی شـارەزایان کەمتـر نییە. لەوەیـش بەو لاوە، نـابێ ململانێـی نێـوان ئەو دامەزراوانە، هەروەهـا ململانێـی نێـوان یـاریکەرانی حەوزەیـی و سیاسـی و سـەربازییش لەبەرچـاو نەگیـرێن. بـێجگە لەوانە، هاوپەیمـانیی پچڕپچـڕیش لە نێـوان لایەنەکـان و کەسـایەتییەکانی ئەو دامەزراوانەدا

هەیە. مەبەستی ئێمە لە پچڕپچڕ ئەوەیە کە هیچ یەکپارچەیییەک لە نێوانیاندا نییە و ماکەکان و ڕوانگەکانیان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ کۆی هەموویان و پێکهاتەکە کۆمەڵێک جیاوازیی هەیە و، ئەگەری ئەوە لە گۆڕیدایە کە نەبوونی ڕێبەر ببێتە هۆی تەقینەوەی ئەو ناکۆکییانە. بۆ نموونە، لە ناوخۆی ڕەوتی کۆنەپارێزیشدا کۆمەڵێک ناکۆکی هەیە. دەستەیەک خۆیان بە شوێنکەوتووی موڕتەزا موتەهەری دەزانن و دەستەیەکی دیکە خۆیان بە شوێنکەوتووی میسباحی یەزدی و هی تر لە قەڵەم دەدەن. هەر یەک لەوانە تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان لە خومەینی هەیە. لێرەدا چاوێک بە کاریگەری و ڕۆڵی ئەو دامەزراوانەدا دەخشێنین:

## یەک. ئەنجومەنی شارەزایان:

بە پێی دەستوور، ئەنجومەنی شارەزایان، هەڵبژاردن و لادانی ڕێبەری لە ئەستۆدایە. تا ئێستا ئەو ئەنجومەنە ئایەتوڵڵا مونتەزیریی لە جێنشینیی ئیمام خومەینی لا داوە و حوجەتولئیسلام عەلیی خامنەییی لە جێی ئەو داناوە. هەروەها ئەم ئەنجومەنە دوای مەرگی خومەینی، خامنەیی وەکوو وەلیی فەقیھ هەڵبژارد. ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە ٨٨ فەقیهن کە دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی پاراستنی دەستوورەوە شاویتییان پەسند دەکرێت، بە دەنگی خەڵک هەڵدەبژێردرێن. ئەندامەکانی ئەنجومەنی شارەزایان دەربارەی هەموو ئەو فەقیهانەی کۆی مەرجەکانیان هەیە ڕاوێژ دەکەن و ئەگەر مەرجەکانی چەندان بەربژێر یەکسان بوو، "ئەو کەسەی ڕوانگەی فیقهی و سیاسیی بەهێزتری هەبێت، ئەو لە پێشترە."(اصل ١٠٩).[١٠] سەرۆکی ئێستای ئەنجومەنی شارەزایان "ئەحمەد جەننەتی"یە.

هەرچەند بەڕواڵەت ئەنجومەنی شارەزایان لە دەزگەکانی دیکە سەربەخۆترە، بەڵام وا باوە کە ڕێبەر دەست لە کارەکانی وەردەدات. ئەو لە خولی پێنجەمی ئەنجومەنەکەدا دەڵێت: "ئەنجومەنی شارەزایان دەبێ هەر بە شۆڕشگێڕی بمێنێتەوە. بەشۆڕشگێڕی مانەوە و بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانە و کردەوەی شۆڕشگێڕانە. ئەم سێ تایبەتمەندییە لە هەڵبژاردنی ڕێبەری داهاتووی وڵاتدا لە بنەڕەتیترین ئەرکەکانی ئەنجومەنی شارەزایانە. پێویستە لە شێوەی هەڵبژاردنی ڕێبەری داهاتوودا تێبینییەکان، ڕووبینییەکان و بەرژەوەندیخوازییەکان بەلاوە بنرێن و تەنیا خودا و پێویستیی وڵات و بنەمای ڕاستی لەبەرچاو بگیرێت. ئەگەر لەو ئەرکەدا کەمتەرخەمی بکرێت، بەبێ ئەولاولا بناغەی کاری نیزام و وڵات گرفتی تێ دەکەوێت."[١١]

بێجگە لەوە، ئەندامانی ئەنجومەنی شارەزایان بۆ بەربژێربوون لە هەڵبژاردنەکانی شارەزایان، دەبێ سەرەتا شایانبوونیان لەلایەن ئەنجومەنی پاراستنی دەستوورەوە پەسند بکرێت. ئەوەیش دەری دەخات کە ئەم ئەنجومەنە سەربەخۆ نییە و بە

شێوەی ناڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێبەرەوە بەڕێوە دەبردرێت. ئایەتوڵڵا مونتەزیری لەم بارەیەوە دەڵێت: "سپاردنی ئەرکی دیاریکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەزایان بە فەقیهەکانی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور کە لەلایەن ڕێبەرەوە دیاری کراون، بۆ ئەوەیە کە هەڵبژاردنی ڕێبەر و مانەوەی لە پۆستی ڕێبەریدا بەهۆی خۆیەوە سەر بگرێت. ئەو سووڕەیش بەتاڵە و کەموکورتی دەخاتە ڕەوابوونییەوە."[١٢]

## دوو. ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور:

بەپێی ماددەی ٩١ی دەستوور، ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور بۆ "پاراستنی بڕیارە ئیسلامییەکان و دەستوور" و دڵنیابوون لە "ناتەبانەبوونی بڕیارە پەسندکراوەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی (پەرلەمان) لەگەڵ ئیسلام" دامەزراوە. ئەم ئەنجومەنە ١٢ ئەندامی هەیە کە "ڕێبەر شەش فەقیهی دادپەروەر و ئاگاداری پێویستییەکانی سەردەم و کاروباری ڕۆژ هەڵدەبژێرێت و شەش یاسازانیش لە بوارە جیاوازەکانی یاسا لەنێو یاسازانانی موسڵماندا لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرییەوە بە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دەناسێنرێن و بە دەنگی ئەندامانی مەجلیس هەڵدەبژێردرێن" (ماددەی ٩١ی دەستوور). ئەرکی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور (یان ئەنجومەنی چاودێریی یاساکان) بریتییە لە شرۆڤەی دەستوور، یەکسانکردنی ئەو یاسایانەی لە مەجلیسدا پەسند دەکرێن لەگەڵ دەستوور و بڕیارەکانی شەرع، چاودێریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەری، سەرۆکایەتیی کۆمار، مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی و بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم (ماددەی ٩٩ی دەستوور).

بە سەرنجدان بەو ڕۆڵانەی لە ئەستۆی ئەنجومەنی شارەزایاندان، دەکرێ بە ئەنجومەنێکی هاوتەریبی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، یان چاودێری ئەو مەجلیسە دابنرێت. بگرە ئەنجومەنی شارەزایان لە ڕۆڵی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی واوەتر هەنگاوی ناوە و بە لادانی کەسایەتییەکان و لایەنە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنەکان و پەسندنەکردنی شیاوێتییان و دانانی لیستی بەربژێرەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمان، هەروەها لە ڕێگەی دانانی کۆمەڵێک یاسا و ڕێنوێنییەوە کە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کەسانێک، یان چەند گرووپێکی تایبەتدان، داڕشتنی پێکهاتەی پەیوەندییە سیاسییەکانیش بەڕێوە دەبات. بەتایبەتی کە لە دەستووردا ڕوون کراوەتەوە، بەبێ بوونی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ڕەوایی نییە (ماددەی ٩٣ی دەستوور). سکرتێری ئێستای ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور، ئایەتوڵڵا "ئەحمەد جەننەتی"یە[١٣] کە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەرییشی لە ئەستۆدایە و، ئەمەیش بەباشی دەری دەخات کە دامەزراوە کاریگەرەکان بە چەشنێک ئەندازیاری دەکرێن کە لە کاریگەریدانان و یاساتەوەری بەتاڵ بکرێنەوە. لە ئەنجامدا،

**یەکەم**: بە لەدەستدانی بەشی هەرە گەورەی سەربەخۆییەکەی، ناتوانێت لە هەڵبژاردنی ڕێبەردا کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبێت و،

**دووەم**: ئەو دامەزراوانە دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنیان لەگەڵ خواستەکانی ڕێبەر و ئەو گرووپانەی لەگەڵی هاوبەرژەوەندین یەک بگرێتەوە. کەواتا، ئەو دامەزراوانە ناتوانن بەو شێوەیەی پێویستە ئەرکی یاسایی خۆیان جێبەجێ بکەن.

هەرچەند ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور ڕاستەوخۆ لە هەڵبژاردنی ڕێبەردا ڕۆڵی نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە پەسندکردن، یان پەسندنەکردنی بەربژێرەکانی ئەنجومەنی شارەزایانی لە ئەستۆدایە، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لەوێشدا ڕۆڵی هەیە. چونکە هەڵبژاردن، یان لادانی ڕێبەر لەلایەن ئەنجومەنی شارەزایانەوە دەکرێت.

## سێ. سوپای پاسداران:

بەشی زۆری توێژەران لەسەر ئەو باوەڕەن کە سوپای پاسداران لە چنینی پازلەکانی ڕۆژی دوای خامنەییدا ڕۆڵی تەوەرەیی دەگێڕێت. تا ڕادەیەکی وا کە کەسانێک پێیان وایە قسەی سەرەتا و بنەتا دەبارەی جێنشینیی خامنەیی، سوپای پاسداران دەیکات. بە بڕوای ئێمەیش سوپای پاسداران لەنێو هۆکارە کاریگەرەکانی دیکەدا یاریکەرێکی زۆر گرنگە، بەڵام تاکە یاریکەر نییە و، لەم بارەیەشەوە چەندان هۆ هەیە. یەکەم: پێگەی "سوپای پاسداران" و "ئەرتەش"ە لە پێکهاتەی سیستەمی ئێستادا (دوای ١٩٧٩ی زایینی). چونکە هێزەکانی ئەرتەش و سوپای پاسداران، کەسانێکی عەقیدەیی و ئایدیۆلۆژیکن؛ باوەڕیان بە ویلایەتی فەقیھ هەیە و بەتەواوی پەیڕەوی لە نوخبە ئایینییە دەسەڵاتدارەکان دەکەن. ئامانج لە دامەزراندنی سوپای پاسداران پاراستنی شۆڕش و نیزامی ئاخوندییە. تا ئێستایش ئەندامانی سوپای پاسداران لە نێوان ئەو کەسانەدا هەڵدەبژێردرێن کە بەتوندی وەفاداری ویلایەتی فەقیھ و نوخبە ئایینییەکان و شۆڕش و ئیسلامیبوونی وڵاتن. لە ئەنجامدا ئەوە دروست نییە کە سوپای پاسداران لەگەڵ دامەزراوە ئەمنییەکانی دیکەی دەرەوەی ئێران، یان لە ئێرانی پێش شۆڕشدا بە یەکسان بزانین.[١٤]

کەواتا ناکرێت لە ڕووی کارنامەی سوپای وڵاتانی دیکەی ناوچەکەوە، وەکوو پاکستان، سووریا، ئەلجەزایر، میسر و سوودان لەبارەی چالاکییەکانی سوپای پاسدارانەوە بیر بکەینەوە. چونکە سوپا لەو وڵاتانەدا کە باسمان کردن، زیاتر لە نیو سەدەیە بەڕێوەبەرایەتیی کەشی سیاسییان کۆنترۆڵ کردووە و هەموو کاروباری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و تەنانەت ئایینیی وڵات بەڕێوە دەبات. بەڵام لە ئێرانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی زایینی، ڕۆحانییەکان لە ناوەندی دەسەڵاتدا جێیان

خۆش کردووە و لادان و دانانی فەرمانـدەکانی سوپای پاسداران و ئەرتەشیش لەلایەن ئەوانە دەکرێت. هەروەها پێکهاتەی دامەزراوە ئەمنییەکانی ئێران بە جۆرێکی وایە کە هەموویان تـوێژێکی یەکپارچە نین کە بە فەرمانی وەزیری بەرگری، یان فەرماندەی ئەرتەش کار بکەن. بگرە لە کۆمەڵێک تـوێژی پەرتـوبلاو پێک هاتوون کە سەرباری ململانێکانیان لەگەڵ یەکتر، هەموویان لەژێر فەرمانی ڕێبەردان. لە ئەنجامدا هەر گرووپێکیان هەنگاوێک هەڵێنێتەوە، لەگەڵ دژایەتیی گرووپەکەی دیکە بەرەوڕوو دەبێتەوە و تێکهەڵچوونی لێ دەکەوێتەوە. لەم ڕووەوە، بۆ پێشگرتن لە هەر چەشنە کودەتایەک دژی ئەو نیزامەی کە بەرهەمی شۆڕشی ١٩٧٩ی زایینییە، لە نێوان یەکە سەربازییەکاندا هاوسەنگییەک وەک لەمپەر دروست کراوە. ڕێبەر بە ئامرازی دانان و لادان کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر هەموو دامەزراوە ئەمنییەکاندا هەیە. هەروەها ڕێبەر لە هەموو یەکەکانی دەزگەکان و دامەزراوە ئەمنییەکاندا نوێنەرایەتیی هەیە کە ئەو نوێنەرایەتییانە ڕەوتی کاروبارەکان بەڕێوە دەبەن و ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتی ڕەوشەکە بە ڕێبەر ڕادەگەیەنن.[١٥]

فەرماندە سەربازییەکان بۆ بەرزکردنەوەی پلەکانیان، یان بەدەستهێنانی کۆمەڵێک پشکی دیکە، هەوڵ دەدەن ڕەزامەندیی ڕۆحانییەکان بەدەست بێنن. ئەو فەرماندە سەربازییانە هەر لە سەرەتاوە بەپێی ڕادەی وەفاداری، نەک بەپێی لێهاتوویی خۆیان هەڵبژێردراون. واتا وەفاداری لە پێش لێهاتووییەوەیە. لە لایەکی دیکەوە، بەرژەوەندییەکانی کاربەدەستانی پلەبالای سەربازی، لەگەڵ هەبوون و مانەوە و بەردەوامیی ڕەوشی ئێستا لێک گرێ دراون. لەبەر ئەوەی کە ئێرانی پێش شۆڕش چەندان کودەتای بەسەر هاتووە، نوخبە ئایینییەکان سەبارەت بە هەر چەشنە ڕۆڵێک، یان تەوەرەییبوونی پێگەی دامەزراوە ئەمنییەکان لە حکوومەتدا نیگەرانن.

بەڵام سەرباری هەمووی ئەمانە، ئەوە بەو واتایە نایە کە بەشێک لە فەرماندەکانی سوپا کە لە نوخبە ئایینییەکان نزیکن، لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ڕێبەردا ڕۆڵی ڕاوێژکارییان نەبێت و بۆچوونی خۆیان بەو نوخبە ئایینییانە نەڵێن کە جڵەوی کاروبارەکانیان لە دەستدایە. یان بەشێک لە ڕۆحانییە بەنفووزەکان بۆ ئەوەی وەپێش خەنیمەکانی خۆیان بکەون، یان بەشێک لە دامەزراوەکان لە بەرانبەر دامەزراوەکانی دیکەدا و زاڵبوون بەسەر خەنیمەکانیاندا پەنا بۆ سوپای پاسداران نەبەن. ماددەی ١٠٥ی دەستوور ڕوونی کردووەتەوە: "سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی کە لە یەکەمین ڕۆژانی دوای سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەدا پێک هات، بۆ درێژەدان بە ڕۆڵی خۆی لە پاراستنی شۆڕش و دەستکەوتەکانیدا بەردەوام دەبێت. سنووری ئەرک و بەرپرسیارێتیی ئەم سوپایە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەرک و سنووری بەرپرسیارێتیی هێزە چەکدارەکانی دیکە، بە جەختکردنەوە لە هاوکاری و هەماهەنگیی برایانە لە نێوانیاندا بە یاسا دیاری دەکرێت." کەواتا ئەرکی سوپای پاسداران پاراستنی شۆڕش/نیزام و نوخبە ئایینییەکانە. لە ئەنجامدا، ئەمە دەرفەت بە سوپای پاسداران دەدات تاکوو بە بیانووی پاراستنی شۆڕش و دەستکەوتەکانییەوە، یان لانی کەم بۆ پشتیوانی لە کەسێک لە بەرانبەر کەسێکی دیکەدا کار

بکات.

هاوکات نابێ ئەم خاڵەیش لەبیر بکەین کە نەتوانینی سوپای پاسداران بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات تەنیا لە هەلومەرجی ئاساییدا وەڕاست دەگەڕێت. بەڵام ئەگەر نافەرمانی بێتە گۆڕێ، یان بشێوی زاڵ بێت و ڕەوشەکە لە کۆنتڕۆڵ دەربچێت و ئاسایشی نیشتمانیی ئێران بکەوێتە مەترسییەوە، ئەوە سوپای پاسداران بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو لە هەڵبژاردنی ڕێبەردا ڕۆڵ دەگێڕێت و، تەنانەت وا دەبێت کە کۆنتڕۆڵی وڵاتیش بەدەستەوە بگرێت؛ چونکە زۆر جار لە هەلومەرجی بشێوی، یان کودەتا، دەسەڵاتی ڕەق، تەنیا دەسەڵاتێکە دەتوانێت ڕەوشەکە بخاتە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆیەوە و، لە وەها هەلومەرجێکدا کە وڵات دەکەوێتە مەترسییەوە، دەستوور و مەرجەکانی هەڵبژاردنی ڕێبەر زۆر لەبەرچاو ناگیرێت.

## چوار. دامەزراوەی سەرۆکایەتیی کۆمار:

سەرباری ئەوەی کە دەستوور ڕوونی دەکاتەوە کە: "دوای پۆستی ڕێبەر، سەرۆککۆمار بالاترین پۆستی فەرمیی وڵاتە و بەرپرسیارێتیی جێبەجێکردنی دەستوور و سەرۆکایەتیی دەسەڵاتی جێبەجێکار، بێجگە لەو بابەتانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ڕێبەرەوە هەیە، لە ئەستۆی ئەودایە" (ماددەی ١١٣ی دەستوور). هەروەها سەرۆککۆمار "لە بەرانبەر گەل و ڕێبەری و مەجلیسی شووڕای ئیسلامیدا بەرپرسیارە" (ماددەی ١٢٢ی دەستوور). "کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکار، بێجگە لەو بابەتانەی کە لەم یاسایەدا ڕاستەوخۆ خراوەتە ئەستۆی ڕێبەری، لەلایەن سەرۆککۆمار و وەزیرەکانەوە جێبەجێ دەکرێن" (ماددەی ٦٠ی دەستوور). بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سەرۆککۆمار لە ئێران بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکان و ڕوانگەکانی خۆی دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییە. چونکە هەموو دامەزراوە کاریگەرەکان لەژێر چاودێریی ڕێبەردا کار دەکەن و سەرۆککۆمار هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر دامەزراوەکانی وەکوو پەرلەمان، دەسەڵاتی دادوەری، ئەنجومەنی شارەزایان، ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور و ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامەوە نییە و هەمووی ئەو دامەزراوانە کە لە وڵاتدا خاوەنی دەسەڵات و نفوزن، بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی ڕێبەردا کار دەکەن. تەنانەت بەشێک لە وەزیرەکان کە بەڕواڵەت لەژێر چاودێریی سەرۆککۆماردان، لە ڕاستیدا فەرمان لە ڕێبەر وەردەگرن و لەژێر ئەمری ئەودا کار دەکەن. فەرماندەکانی ئەرتەش و سوپای پاسداران ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێبەرەوە دادەنرێن. وەزیری کاروباری دەرەوە و وەزیری ناوخۆ و وەزیرەکانی دیکە، کاتێک دەبنە وەزیر کە لەلایەن مەجلیسی شووڕای ئیسلامییەوە دەنگی متمانەیان پێ بدرێت، زۆریش ڕوونە کە ئەندامانی مەجلیس بە ڕەزامەندیی ناڕاستەوخۆی ڕێبەری لە ڕێگەی بەرنامەی ئەندازیاریکراوی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوورەوە هەڵدەبژێردرێن و ڕەوتی یاسادانانیشیان بەردەوام لەلایەن ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامەوە کۆنتڕۆڵ دەکرێت.

تەنانەت سەرۆککۆماریش دوای ئەوەی لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، نابێتە سەرۆککۆمار تاکوو لەلایەن ڕێبەرەوە بڕیاری پەسندکردنی بۆ دەرنەکرێت. تەنانەت دوای ئەوەی بوو بە سەرۆککۆماریش، بەردەوام ئەگەری لادانی لەلایەن ڕێبەرەوە هەر هەیە. "ئەگەر بێت و زۆرینەی دوو لەسەر سێی هەموو نوێنەران متمانە لە سەرۆککۆمار وەربگرنەوە، پرۆسەکە بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی ١٠ی ماددەی ١١٠، ڕێبەری لێ ئاگادار دەکرێتەوە." (ماددەی ٨٩ی دەستوور). سەرۆککۆمار دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە ڕێبەر دەکات و تاکوو ئەو کاتەی دەستلەکارکێشانەوەکەی پەسند نەکرێت، ئەرکەکانی خۆی ڕادەپەڕێنێت. ئەگەر سەرۆککۆمار بمرێت، یان لا بدرێت، یان دەست لە کار بکێشێتەوە... هەروەها ئەگەر جێگری یەکەمی سەرۆککۆمار بمرێت، ڕێبەر کەسێکی دیکە لە جێی ئەو دەدانێت (ماددەی ١٣٠-١٣١ی دەستوور).

هەرچەند سەرۆککۆمار هیچ ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لە هەڵبژاردنی جێنشینی ڕێبەردا نییە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی پێگەکەی لە قووچەکی دەسەڵاتی نیزامی سیاسیی ئێراندا، سەرۆککۆمار خۆی دەتوانێت یەکێک لەو بەربژێرانە بێت کە ئەگەری بوون بە ڕێبەریان هەیە؛ بەتایبەت ئەگەر ئەو مەرجانەی هەبێت وا دەستوور بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەر دیاری کردوون. ئەم سیناریۆیە بەکردەوە لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینیدا بۆ هەڵبژاردنی عەلی خامنەیی بە ڕێبەر ڕووی دا. خامنەیی لەو کاتەدا سەرۆککۆمار بوو، دوای مەرگی خومەینی هەڵبژێردرا بۆ ڕێبەری. ئەو ئەگەرەیش هەیە کە لە داهاتوودا هەمان سیناریۆ بۆ سەرۆککۆماری ئێستا، ئیبراهیم ڕەئیسی، دووپات بێتەوە.

## پێنج. ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام:

ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام وەکوو ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری لە ٦ی فێبریوەریی ١٩٨٨ی زایینی دامەزرا و لە گرنگترین ئەرکەکانی ڕەواندنەوەی کێشەکانی نێوان مەجلیسی شووورای ئیسلامی و ئەنجومەنی شارەزایانە و، بڕیارەکانی ئەم ئەنجومەنە دوای ئەوەی کە لەلایەن ڕێبەرەوە پەسند دەکرێ، پێویستە بەبێ ئەولاولا جێبەجێ بکرێن. پێشکەشکردنی ڕاوێژ بە ڕێبەری لە بواری گرفتەکانی سیاسەتە گشتییەکانی وڵاتدا ئەرکێکی دیکەی ئەم ئەنجومەنەیە. ئەندامی ئەم ئەنجومەنە ٣١ کەسن کە نوێنەرایەتیی دامەزراوەکانی وڵاتیان لە ئەستۆیە. ئەندامانی هەمیشەیی و کاتیی ئەم ئەنجومەنە لەلایەن ڕێبەرەوە دیاری دەکرێن. دوای ئەوەی یاسای ئەنجومەنەکە هەموار کرایەوە، سەرۆکی سێ دەسەڵاتەکەیش بە ئەندامی ئەم ئەنجومەنە دانران و لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامدا بەشداری دەکەن.[١٦] ئەندامانی ئەنجومەن پێک هاتوون لە کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانی وەکوو کەسایەتییە ئایینی، یاسایی، سیاسی و سەربازییەکان، هەروەها سەرۆکی هەرسێ دەسەڵاتەکەی وڵات و فەقیهەکانی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور و سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکان و سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و، وەزیر، یان سەرۆکی دەزگەیەک کە ئەو

بابەتەی باسی لێوە دەکرێت پەیوەندیی بەو دەزگەیەوە هەبێت، هەروەها سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیداری مەجلیسی شوورای ئیسلامی.[١٧]

ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام لە دەستووریشدا ناوی هاتووە. بەپێی ماددەی ١١٢ی دەستوور: "ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام بۆ دیاریکردنی بەرژەوەندی لەو بابەتانەدا کە ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور [بڕیار و یاسا] پەسندکراوەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی بە ناکۆک لەگەڵ پێوەرەکانی شەرع، یان دەستوور بزانێت و مەجلیس بە گوێرەی بەرژەوەندیی نیزام بۆچوونی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور بەجێ نەیەنێت و ڕاوێژکردن لەو بابەتانەدا کە ڕێبەری بۆیان دەگەڕێنێتەوە و هەموو ئەرکەکانی دیکەی کە لەم یاسایەدا هاتوون، بە فەرمانی ڕێبەر پێک دێت. ئەندامانی نەگۆڕ و بگۆڕی ئەم ئەنجومەنە لەلایەن ڕێبەرەوە دادەنرێن. ئەو ڕێنوێنییانەی پەیوەندییان بە ئەنجومەنەوە هەیە، لەلایەن ئەندامەکانییەوە ئامادە و پەسند دەکرێن و لەلایەن ڕێبەریشەوە دووپات دەکرێنەوە."[١٨] لە ئەنجامدا، ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام لەژێر فەرمانی ڕێبەریدایە و دامەزراوەیەکی سەربەخۆ نییە؛ بەتایبەت لەوەدا کە زۆرینەی ئەندامەکانی لەلایەن ڕێبەرەوە دیاری دەکرێن و دادەنرێن. بەڵام سەرباری ئەوانەیش، بڕیاری کۆتایی دەربارەی ناکۆکییەکانی نێوان مەجلیسی شوورای ئیسلامی و ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور لەلایەن ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامەوە دەدرێت.

بەپێی ماددەی ١١١ی دەستوور، ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام کۆمەڵێک دەسەڵاتی دیکەیشی هەیە کە پێشتر لە باسی مەرجەکانی هەڵبژاردنی ڕێبەردا ئاماژەیان پێ کرا. لەبەر ئەوەی کە ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام دامەزراوەیەکی وایە کە ئەرکەکەی دیاریکردنی بەرژەوەندیی سەرلەبەری نیزامە، لە هەڵبژاردنی ڕێبەردا ڕۆڵێکی دیاریکەری هەیە؛ بەتایبەت کە ئەندامەکانی لە گرنگترین کەسایەتییەکان و دامەزراوەکانی نیزام پێک هاتوون کە بریتین لە: سەرۆککۆمار، سەرۆکی مەجلیسی شوورای ئیسلامی، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، فەقیهەکانی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور، سەرۆکی ئەرکانی گشتیی هێزە چەکدارەکان و سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی.

### چوارەم: ئەو سیناریۆیانەی بۆ دوای خامنەیی ئەگەری پەیدابوونیان هەیە

**بۆ ڕۆژی دوای مەرگی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، چەندان سیناریۆ هەیە کە لێرەدا باسیان دەکەین:**

## یەک. دەستاودەستکردنی ئاشتییانە و ئارامی دەسەڵات:

بەپێی ئەم سیناریۆیە، ئەنجومەنی شارەزایان لە کۆبوونەوەیەکی ئاسایدا جێنشینی خامنەیی هەڵدەبژێرێت و دەستاودەستکردنی ئارامی دەسەڵات سەر دەگرێت و، لە بێدەنگیی گەلدا، دامەزراوە کاریگەرەکانی نیزامی ئێران پشتیوانی لەو هەڵبژاردنە دەکەن. ئەم سیناریۆیە لەسەر ئەو گریمانەیە هەڵدەچنرێت کە هیچ ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو ڕوو نەدات، بە جۆرێکی وا کە ببێتە هۆی پشتگوێخرانی دەستوور. واتا ئەم سیناریۆیە لەسەر گریمانەی مانەوە و درێژبوونەوەی ڕەوشی ئاسایی ڕادەوەستێت و ئەوەی کە بۆ دیاریکردنی ڕێبەری نوێ پشت بە دەستوور ببەسترێت.

## دوو. وەسیەتکردن: واتا ئەوەی کە عەلی خامنەیی خۆی جێنشینی خۆی هەڵبژاردبێت:

بەو واتایەی کە ڕێبەری ئێستا، عەلی خامنەیی، بەکردەوە جێنشینی خۆی دیاری کردووە و لەم بارەدا، ئەنجومەنی شارەزایان بۆ ڕاگەیاندنی ناوی ڕێبەری نوێ کۆ دەبێتەوە. بەڵام ئەو ئەگەرەیش هەیە کە ئەگەر بێت و خامنەیی سەبارەت بە کەسێک وەسیەت بکات، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کارتی شانسی ئەو کەسە بسووتێنێت. هەروەها ئەمە دەتوانێت چەندان ڕووبڕکێ (ئاڵنگاری)ی دیکەیشی بەدوودا بێت، بۆ نموونە، لەوانەیە بۆچوونی دامەزراوە پڕنفووزەکانی نیزام، لەوانە سوپای پاسداران بگۆڕێت و بۆ بەدەسەڵاتگەیاندنی ئەو کەسەی خۆی مەبەستیەتی، وەخۆ بکەوێت. هەروەها لەوانەیە ئەنجومەنی شارەزایانیش پەرچەکرداری هەبێت و بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەر، لە جیاتی ئەوەی کە وەسیەتی عەلی خامنەیی جێبەجێ بکات، یان مل بۆ گوشارەکانی سوپای پاسداران کەچ بکات، دەسەڵاتە یاساییەکانی خۆی بەکار بێنێت. بەڵام بەگشتی و ئەگەر ڕەوتی کارەکان بە شێوەی ئاسایی بڕواتە پێشەوە، ئەم سیناریۆیە لە سیناریۆی یەکەم "دەستاودەستکردنی ئاشتییانە و ئارامی دەسەڵات" نزیکە. جیاوازیی ئەم دوو سیناریۆیەیش لەوەدایە کە سیناریۆی یەکەم لەسەر گریمانەی گەڕانەوەی ڕاستەقینە بۆ دەستوور و هەڵبژاردنی ڕێبەر دوای ڕاوێژ و گفتوگۆی ڕاستەقینە دەربارەی کەسێک کە شیاوێتیی شەرعی و سیاسیی پێویست بۆ ڕێبەری هەیە، داڕێژراوە. بەڵام لە سیناریۆی دووەمدا هەرچەند دەستاودەستکردنی ئاشتییانە و ئارامی دەسەڵات دوای کۆبوونەوە و گفتوگۆکان سەر دەگرێت، بەڵام ئەو گفتوگۆیانە ڕواڵەتی دەبن و تەنیا بۆ کارکردن بە وەسیەتەکەی ڕێبەر بەڕێوە دەچن.

## سێ. دەستێوەردانی سوپای پاسداران:

ئەو ئەگەرەیش هەیە کە بەهۆی (بێتوانایی، مەرگ، دەستلەکارکێشانەوە، یان لادانی خامنەییەوە) بە ملیۆنان خەڵک

بڕژێنە سەر شەقامەکان بۆ کۆتاییهێنان بە نیزامی ویلایەتی فەقیە و هێنانەسەرکاری نیزامێکی دیکە؛ بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە تووڕەیی و ناڕەزایەتیی خەڵک لە نیزام هەڵکشاوە و لەو ناڕەزایەتییانەدا کە لەم دواییەدا سەرانسەری وڵاتی گرتەوە، خەڵک وێڕای دەربڕینی ناڕەزایەتی لە نیزام، پەردەیان لەسەر ئیرادەی خۆیان بۆ لەناوبردنی ئەو نیزامە لا دا. ئەگەر ئەم سیناریۆیە بێتە گۆڕێ و سوپای پاسداران بەو ئەنجامە بگات کە نیزام گەییوەتە سەر لێواری ڕووخان، لەوانەیە لە ڕێگەی یەکێک لەم دوو شێوەیەوە دەستێوەردان بکات:

### ئا. کودەتای نەرم:

واتا سوپای پاسداران دەستبەکار بێت و کەسایەتییەکی ئایینی کە پلەی مەرجەعییەتیی هەبێت، بەڵام کاریزمای سیاسیی نەبێت، وەکوو ڕێبەر دیاری بکات. هەر سوپای پاسدارن خۆی لە پشت پەردەوە ئەم ڕێبەرە کۆنترۆڵ بکات؛ بە چەشنێک کە مانەوەی نیزام بەردەوام بێت و نەهێڵێت ناڕەزایەتییەکانی خەڵک ببێت بە شۆڕشێکی بەرفراوان دژی نیزام و، ئەزموونی ساڵی ١٩٧٩ی زایینی دووپات بێتەوە کە بوو بەهۆی لەناوچوونی نیزامی پاشایەتی.

### ب. کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات:

واتا سوپای پاسداران لە ڕێی کودەتای سەربازییەوە حکوومەتی وڵاتەکە بەدەستەوە بگرێت، ئەمەیش بەو واتایە دێت کە نیزامی ویلایەتی فەقیە کۆتایی هاتووە و سوپا بووەتە دەسەڵاتداری وڵات. پێشتر حسێن دێهقان، وزیری پێشووی بەرگری و ڕاوێژکاری فەرماندەییی گشتیی هێزەکان لە بواری پیشەسازیی بەرگری و پشتیوانی لە هێزە چەکدارەکان، بە ئاماژە درکاندبووی کە ئەگەر نیزام تووشی ڕووخان ببێت، لەوانەیە هێزە سەربازییەکان کودەتا بکەن. هەرچەند جەختی کردبووەوە کە ئێران تووشی ڕووخان و چەندبەرەکی نابێت تاکوو پێویستی بە دەستێوەردانی هێزی چەکداری هەبێت، بەڵام ئەم وتانە ئەوەمان نیشان دەدات کە ئەگەر نیزام بکەوێتە بەردەم هەڕەشەی ڕووخانەوە، ئەگەری کودەتای سەربازی هەیە.

بەڵام ئەگەر وای دابنێین کە سوپای پاسداران بۆ کۆنترۆڵی ڕەوشەکە دەست بۆ کودەتای سەربازی ببات، هیچ ئایدیۆلۆژییەکی سیاسی و هزریی دیکەی بێجگە لە ئایدیۆلۆژیی ئایینی نابێت کە فەرماندەکانی سوپا لە سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ی زایینییەوە پێی ڕاهێنراون. بەڵام ئەگەر ئەم ئایدیۆلۆژییە بەلاوە بنێت و کۆماری ئیسلامی ببێت بە نیزامێکی دیکتاتۆریی سەربازیی وەکوو دیکتاتۆرییە سەربازییەکانی دیکە، ئەوە بەلاوەنانی بەها و بنەما ئایینییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە سوپا پشتیوانیی خەڵک و دامەزراوە ئایینییەکان، هەروەها پشتیوانیی لایەنگرانی ویلایەتی فەقیە لەدەست بدات. بابەتێکی دیکەیش ئەوەیە کە بێت و سوپای پاسداران حکوومەتێکی سەربازی پێک بێنێت، ئەوە بێ گومان

ئەم کارە سوپا دەخاتە بەرەی بەرانبەری هەموو توێژەکانی خەڵکەوە، هەروەها ئەو ئەگەرەیش هەیە کە ئەرتەش ڕێگە نەدات سوپا دەسەڵات بۆ خۆی پاوان بکات، لەوەوە تێکهەڵچوونی سەربازی لە نێوان ئەو دوو دامەزراوە سەربازییەدا ڕوو دەدات. لە ئەنجامدا هێزە سەربازییەکان ڕەواییی خۆیان تەنیا لە دەسەڵاتی خۆیان وەردەگرن و هیچ پشتیوانییەکی جەماوەرییان نابێت.

### ج. بۆشاییی ڕێبەری بۆ ماوەیەک:

ئەگەرێکی تر کە نابێ لێی خافڵ بین ئەوەیە کە لەوانەیە بەهۆی ئەگەری ناکۆکییەکانی نێوان ئەنجومەنی شارەزایان و سوپای پاسداران، یان ناکۆکیی ناوخۆی ئەنجومەنی شارەزایان دەربارەی جێنشینیی موجتەبا خامنەیی، وڵات لە بۆشاییی ڕێبەریدا بمێنێتەوە و تاکوو ئەو کاتەی کە هەموو لایەنەکان سەبارەت بە هەڵبژاردنی ڕێبەر ڕێک بکەون، بەپێی ماددەی ١١١ی دەستوور، ئەنجومەنێکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێک فەقیە ئەرکەکانی ڕێبەری لە ئەستۆ بگرن.

سەرباری ئەوەی کە ئەگەری دووەم و سێیەمیش زۆر دوور نییە، بەڵام سیناریۆی یەکەم بە چەندان هۆ بەهێزترە و گرنگترین هۆیشی لێکگرێدراویی بەرژەوەندییەکانی دامەزراوە کاریگەرەکانی ناوخۆ لەگەڵ یەکترە و، گشتیان دەزانن کە هەر چەشنە هەڕەشەیەک بەرژەوەندییەکانی هەموویان بەدەم بادا دەدات، چونکە جێگرەوە بۆ ئەو نیزامەی ئێستا کە بەرهەمی شۆڕشی ١٩٧٩ی زایینییە، هەیە. هەروەها کۆنەپارێزەکان بۆ لەدووودانی هێڵی شۆڕش و پاراستنی ناوەندێتیی ئایدیۆلۆژی، هەروەها پاراستنی سیاسەتەکان و دامەزراوەکان و لێڕوانییە ئایدیۆلۆژی-تەوەرەکان، هاوڕان لەسەر پاراستن و مانەوەی ڕەوتی بنەماخوازیی کۆنەپارێز.

هەڵبەت ئەمە لە حاڵێکدا دەبێت کە ڕووداوێک لە دەرەوەی ئەگەرە عەقڵانییەکان ڕوو نەدات و ڕەوتی ئەگەرەکان بە شێوەیەکی گشتی نەگۆڕێت. ئەگەر سیناریۆی دەستاودەستکردنی ئاشتییانە و ئارام تووشی شکست ببێت، شانسی سیناریۆی چوارەم زیاترە کە هەمان بۆشاییی ڕێبەرییە بۆ ماوەیەک تا لایەنە پەیوەندیدارەکان دەربارەی هەڵبژاردنی ڕێبەر بە ڕێککەوتنێکی گشتی دەگەن.

### پێنجەم. جێنشینەکانی خامنەیی و کارنامەکەیان

بێ گومان، بە مەرگی خامنەیی دەورەی ڕێبەرانی پڕنفووز و بەبڕشت کە دامەزرێنەرانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بوون، کۆتایی دێت. ئەو ڕێبەرانە فەلسەفە و خوێندنەوەی ئایینیی تایبەت، هەروەها ڕوانگەی تایبەتی خۆیان دەربارەی

پەیوەنـدییە دەرەکییەکـان و تیـۆریی سیاسیی یەکپـارچە هەبـوو، دوای دامەزرانـی نیـزام هەر لە سـەرەتاوە لەگەڵـی بـوون و شۆڕش و نیزامیـان تـا ئێرە هێنـاوە. هیچ کەسـایەتییەکی ئـایینیی پێشـەنگی دیکەی وەکـوو دوو ڕەێبەرەکەی یەکەم نییە کە هەمان کاریزما و هێزی ڕاکێشانی سیاسیی هەبێت و هەموو دامەزراوەکانی ئێرانیش لەسەری ڕێک بکەون.

لەمەوە دەتـوانین بڵێین ئەو نـاوانەی بە نـاوی جێنشینی خـامنەیی دێـنە گـۆڕێ، ئەو دەسـەڵات و دەسـەڵاتدارییەی خـامنەیی و ئەو نفووزەی کە ئەو لەنێـو نـوخبە ئـایینی و سیاسی و سـەربازییەکاندا هەیەتـی –لانی کەم لە قۆنـاغی یەکەمدا- نایانبێـت. مـاوەیەکە ڕاپۆرتەکـان و توێژینەوەکـان سـەرنجیان خسـتووەتە سـەر جێنشـینە شیمانەییەکانی خـامنەیی و لەو پەیوەنـدییەدا کۆمەڵێک نـاو دێـنە گـۆڕێ. ئێسـتا بەشـێک لەو نـاوانە لە دنیـادا نەمـاون و بەشێکیشـیان هێشـتا زینـدوون. لەم ڕووەوە، ئەو لیستەی کە ئێسـتا وەکـوو جێنشـینانی خـامنەیی هەیە، لەگەڵ لیسـتی چەنـد سـاڵ لەمەوبەر جیـاوازە، چـونکە بەشـی زۆریـان بەساڵداچوون و بەشێکیشیان لە دنیادا نەماون.

## یەک. ئیبراهیم ڕەئیسی:

ئیبـراهیم ڕەئیسـی (١٩٦٠ز-...)، سـەرۆککۆماری ئێسـتای ئێـران و یەکێـک لە گرنگتـرین بەربژێـرە شیمانەییەکانی جێنشـینیی خـامنەییە. هەرچەنـد ئەو هێشـتا بە پـلەی ئیجتیهـاد نەگەیشـتووە، بەڵام میـدیاکانی سـەر بە لایەنـی کۆنەپـارێز هەر لە سـەرەتای وەرگرتنـی پۆسـتی سـەرۆکی دەسـەڵاتی دادوەری لەلایەن ڕەئیسـییەوە، بەردەوام وەکـوو "ئـایەتوڵڵا" نـاوی دێـنن. بەشێکی دیکەیان بەوە پاساو بۆ بەکارهێنـانی ناسناوی ئـایەتوڵڵا بـۆ ئیبـراهیم ڕەئیسی دێننەوە کە ئەو ڕێگەی زانستیی خـۆی لە تـاران بڕیـوە. بـێجگە لەوەیش، هەروەکـوو چـۆن دەکرێ بە خوێنـدن لە حەوزە کەسێک بە پلەی ئیجتیهـاد بگـات، بـوون بە موجتەهیـد لە ڕێـگەی چـالاکی لە دەزگەی دادوەرییشـدا دەشـێت. بەپێـی بۆچـوونی ئەو کەسـانە، ئیبـراهیم ڕەئیسـی، سـەرۆکی دەسـەڵاتی دادوەری و ئەنـدامی ئەنجـومەنی شـارەزایانە، کەواتـا موجتەهیـدە و دەبـێ بە ئـایەتوڵڵا نـاوی ببرێـت؛ تەنـانەت ئەگەر ئەو ئیجتیهـادەی لە حەوزە بەدەست نەهێنابێت؛ بەتـایبەت کە ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینـی ئیجتیهـادی ئەوی پەسـند کـردووە و توانیـویەتی لە هەڵبژاردنەکـانی ئەنجومەنی شـارەزایاندا بەشـداری بکـات.[١٩] بەڵام دەبـێ ئەوەیش بڵێین کە ئەم پاسـاوە لە ڕوانـگەی بنەماکـانی فیقهەوە دروست نییە. چـونکە ئەو پـێش ئەوەی دادوەر، یـان سـەرۆکی دەسـەڵاتی دادوەری بێـت، دەبـوو بە پـلەی ئیجتیهـاد بگـات، ئەگینـا تووشـی سـووڕێکی بەتـاڵ[٢٠] دەبـین، کە ئەویـش لە توانـا بەدەرە (مەحاڵە).

ڕەئیسی، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سوپای پاسداران هەیە. لەو ماوەیەدا کە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری بوو، بە مستی

پـۆلایین بەرەنگـاری چالاکـانی کرێکـاری و پیشـەیی بـووەوە. بـاس لەوە دەکرێت کە ئەو لەگەڵ دوژمنـان و دژبەرانـی نیـزام زۆر بەتونـدی هەڵسـوکەوتی دەکـرد بـۆ ئەوەی متمـانەی ڕێبەر و سـوپای پاسـداران بـۆ لای خـۆی ڕاکێشێت و وا نیشـان بـدات کە دەتوانێت لەو قۆنـاغەدا ڕۆڵـی "ڕزگاریـدەر" بگێڕێت. هەروەهـا ئەو لەسـەر ڕێبـازی شـۆڕش بەردەوام بـووە و هەنگاوێـک لێـی دوور نەکەوتـووەتەوە. ئەو بەو هەڵسـوکەوتە لێبـڕاوانەیەی خـۆی، ئەو پەیامەیشـی بـۆ بەردەنگـانی دەرەوە و نـاوەوە نـاردووە کە هیچ جێگرەوەیەک بـۆ نیـزام نییە و، نیـزام دەتوانێت بەبەهێـزییەوە وڵات بەڕێوە ببـات و دژبەرانـی نیـزام هێنـدە لاواز و بەرخەسـارن کە نـاکرێ وەکـوو بـژارەی جێگرەوە حیسـابیان لەسەر بکرێت.[٢١] هەروەهـا ڕەئیسـی سەر بە کۆنە پـارێزانی ڕێبـازی "میسـباحی یەزدی"یە (١٩٣٥ - ٢٠٢١ز) کە یەکێـک لە مەرجەعە ویلایەتخـواز و تونـدئاژۆکانە. لە ئەنجامـدا، ئەو بژارەیەکـی جێـی پەسـندی زۆربـەی فەقـیهە کۆنەپارێزەکـان و دامەزراوەکـانی نیـزامە. خـامنەیی زۆری هەوڵ دا تـا ڕەئیسـی، کە بە توندڕۆیی و وەفـاداری بە ئامانجەکـانی خـومەینی و شۆڕشـی ١٩٧٩ی زایینـی بەنـاوبـانگە، ببێت بە سەرۆککۆماری ئێران و گیـانی شۆڕشگێڕی لە ئێرانـدا بپـارێزێ. لەم ڕووەوە، لە حـاڵەتی سەرهەڵدانی هەر ڕووداوێکـدا کە بۆشـاییی ڕێبەریـی لـێ بکەوێـتەوە، بـوار بـۆ جێنشـینیی ئەو و پـاتبوونەوەی ئەزمـوونی سـاڵی ١٩٨٩ی زایینـی بەتەواوی بڕەخسـێت. لەو کـاتەدا خـامنەیی سەرۆککۆماری ئێـران بـوو، دوای مردنـی خـومەینی، خێـرا بـوو بە جێنشـینی ئەو. ئەگەر ڕەئیسـی ببێـت بە ڕێـبەر، بە ئەگەری زۆرەوە بـۆ درێـژەدان بە هێڵـی شـۆڕش و خوێنـدنەوەی خومەینی دەربـارەی ئـایین، هەمـان شێوازی توندڕۆیانە بـۆ بەڕێـوەبردنی دۆسیە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەگرێتە بەر.

## دوو. موجتەبا خامنەیی و ئەگەری بەمیراتیبوونی ڕێبەری:

موجتەبـا خـامنەیی (١٩٦٩ز-...)، کـوڕی عەلـی خـامنەیی، یەکێکە لەو گرنگترین کەسـانەی وەکـوو ڕێـبەری داهـاتووی نیـزام نـاوی دێـت. لە سـەرەتـای شۆڕشـدا تەنـانەت ئەگەری بەمیراتیبـوونی ڕێـبەری لە گـۆڕێ نەبـوو، بەڵام لەم دواییـیانەدا ئەم سیناریۆیە بەهێز بووە؛ چونکە مانەوەی درێژماوەی خامنەیی لە پێگەی ڕێبەریدا ئەو دەرفەتەی بۆ موجتەبـا ڕەخسـاندووە کە نفـووزی خـۆی بەهێـز بکـات و تـۆڕێکی بەهێـزی پەیوەنـدی لە نێـوان خـۆی و دامەزراوە ئەمنـی و کاربگەرەکـانی وڵاتـدا دابمەزرێنێـت. هاوکـات خۆیشـی وەکـوو زانـایەکی ئـایینی دەناسـێنێت کە شایسـتەیی سیاسـی و فیقهیـی هەیە و لەلایەن باوکیشـییەوە بەبـێ ئەولاولا پشـتیوانیی لـێ دەکرێـت. ئەو، قوتـابیی میسـباحی یەزدیـیە (١٩٣٥ - ٢٠٢١ز) کە لە هەمـوو ڕۆحانییە توندڕۆکانی دیکەی ئێران توندئاژۆترە. بەڵام خاڵی جێی هەڵوەستە ئەوەیە کە موجتەبـا خـامنەیی هێشتا بە پلەی "ئـایەتوڵڵایی" نەگەیشتووە. ئەو لە چەنـدان ڕێکخـراوی نهێنێدا کـار دەکـات و نووسـینگەی ڕێبەرییش بەڕێوە دەبـات کە ئێسـتا زۆر بەرفراوان بـووە. نووسینگەی ڕێبەری لە سەردەمی خومەینیدا نزیکەی ٨٠ فەرمـانبەری هەبـوو، بەڵام ئێسـتا نزیکەی چـوار هەزار فەرمـانبەری هەیە. بە گـوێرەی ئەوەی کە پەیوەنـدییەکی نزیکـی لەگەڵ بـاوکی هەیە، بەشێکی زۆری چـاودێرانی ئێرانـی

بەدووری نازانن کە موجتەبا بەهێزترین و نزیکترین بژاردە بێت بۆ جێنشینیی خامنەیی و، خامنەییش دەیەوێت سۆکانی ڕێبەرایەتیی وڵات بەدەستی کەسێک بسپێرێت کە هەم خوێنی خۆی لە دەماریدایە و هەم درێژە بە ڕێگەکەیشی دەدات.

بەڵام ئاخۆ ئیمکانی ئەوە هەیە کە موجتەبا پۆستی ڕێبەری لە باوکییەوە بەمیرات پێ ببرێت؟ سەرباری ئەوەی کە موجتەبا دەسەڵات و نفووزێکی باڵای هەیە، بەڵام جێنشینیی ئەو دوای باوکی لەنێو دامەزراوە بڕیاردەرەکانی ئێراندا گەلێک گرفتی بۆ پەیدا دەبێت و وڵات دەباتە قۆناغی ململانێی نێوان دەزگەکان و دامەزراوەکان و ڕۆحانییەکانەوە. چونکە ئەو، یەکەم، لەبەر ئەوەی کە هەمیشە لە سایەدا بووە و دەرنەکەوتووە، لەناو خەڵکدا لایەنگری نییە. بێجگە لەوەیش، چونکە ئەو پۆستی فەرمیی نەبووە کە دەری بخات چەندە توانای بەڕێوەبەریی هەیە و لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا ئەزموونێکی کەمی هەیە. لەوانەیش بترازێ، ئەو هێشتا بە پلەی ئیجتیهاد نەگەیشتووە و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ جەماوەری حەوزەیدا نییە کە بتوانێت لە ململانێی لەگەڵ دیتراندا پشت بە پشتگیریی جەماوەری ناو حەوزە ببەستێت.

بەڵام لە هەمووی گرنگتر، گەورەترین بەربەستی ئەو بۆ ئەوەی ببێ بە ڕێبەر ئەوەیە کە کوڕی ڕێبەری ئێستایە. ئەوەیش زیان بە ڕەواییی ئەو دەگەیەنێت. چونکە گەورەترین جیهادی نوخبە ئایینی و شۆڕشگێڕەکانی ئەوەی یەکەم ئەوەیە کە کۆتاییان بە کەلتووری میراتیبوونی حکوومەتی پاشایەتی هێنا. ڕۆحانییەکان هەر بەهۆی ئەو میراتیبوونەی حکوومەتەوە خەڵکیان دژی شا هان دا. خومەینی گەلێک ڕەخنەی بێپەردەی لە میراتیبوونی حکوومەت گرتووە. لە ئەنجامدا، جێنشینیی موجتەبا دوای باوکی، زەربە لە ڕەوابوونی دەدات و ئەو پەیامەیش بە خەڵکی دەگەیەنێت کە ئەمانە بۆ ئەوە ڕاپەڕین و شۆڕشیان کرد کە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دابین بکەن و بناغەی حکوومەتی خێزانیی خۆیان تەنانەت لەوەیش پتەوتر بکەن کە لە سەردەمی شادا هەبوو.[٢٢]

بەڵام سەرباری هەمووی ئەم هۆیانەیش، بێت و تەرپەی گۆڕانکارییەکان خێراتر بێت، سیناریۆی ئەگەری بەمیراتیبوونی پۆستی ڕێبەری هەروا لە گۆڕێ دەمێنێت. لەم حاڵەتەیشدا، بۆ قەرەبووکردنەوەی نەبوونی ڕەوایی و بۆ کۆنترۆڵکردنی تووڕەیی خەڵک و ناڕەزایەتیی کۆڕ و کۆمەڵە زانستی و حەوزەییەکان، سیناریۆی زۆرداری و سەرکوت بەتوندی دێتە پێشەوە و لە ئەنجامدا، بارودۆخەکە خراپتر دەبێت. وێ دەچێت سیناریۆی بەمیراتیبوونی ڕێبەری هەرچەند بەدوور نییە، بەڵام دژوار بێت. تەنانەت "میرحسێن مووسەوی"یش سەبارەت بەو بابەتە هۆشداریی داوە. مووسەوی لە وتارێکیدا باس لەوە دەکات کە: "قسە و قسەڵۆک دەربارەی بەمیراتیبوونی ڕێبەری دەبیسترێت. زمانیان لاڵ بێت! مەگین زنجیرە حکوومەتەکانی ٢٥٠٠ ساڵە گەڕاونەتەوە کە کوڕ ببێتە جێنشینی باوکی؟" ئەو لەو بێدەنگییەی نوخبەکانی ناو دەسەڵاتیش سەبارەت بە ڕەتنەکردنەوەی ئەو دەنگۆیە ڕەخنە دەگرێت و دەڵێت: "سێزدە ساڵە هەواڵی ئەم پیلانە (دیاریکردنی موجتەبا

خامنەیی وەکوو جێنشینی باوکی) بەرگوێ دەکەون. ئەگەر بەڕاستی بەتەمای ئەوە نین، بۆچی یەک جاریش وەها نییەتێکیان بەدرۆ نەخستەوە؟"[٢٣]

بەمیراتیبوونی ڕێبەری نەک هەر ئایدیۆلۆژی تیۆریی ویلایەتی فەقیە تووشی شکست دەکات، بگرە چییەتیی ئەو تیۆرییە، هەروەها بێکەڵکییە سیاسییەکەیشی دەسەلمێنێت. لەمەوە، بابەتی هەڵبژاردنی ڕێبەر، پەیوەستە بەوەی کە نوخبە دەسەڵاتدارەکان بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەر تاکوو چ ڕاددەیەک ڕوو لە کردەوەی عەقڵانی دەکەن. ئاخۆ لە ڕێگەیەکی عەقڵانییەوە دەست بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەر دەبەن کە کەمترین ڕێژەی عەقڵانی و ڕەوایی و پەژراوییی بە لای خەڵکەوە لەبەرچاو دەگرن، یان بەبێ سەرنجدان بە هۆکارەکانی ڕەوایی، خەڵک و پەیوەندییە نێودەوڵەتی و ناوچەیییەکان، بژارەیەکی ستراتیژی دەگرنە بەر.

## سێ. سادق لاریجانی:

سادق لاریجانی (١٩٦١ز...) لە گرنگترین ڕۆحانییە توندڕۆکانە. ئەو لە ساڵی ١٩٨٨ی زایینی بە ئەندامی ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەری هەڵبژێردرا. لە ساڵی ٢٠٠١ی زایینی بە ئەندامی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور هەڵبژێردرا. لە ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی، کرا بە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری. دوایی لە ساڵی ٢٠١٨ی زایینی، کرا بە جێنشینی مەحموود شاهڕوودی و بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام. سادق لاریجانی کەسێکی توندڕۆیە و هەوڵ دەدات لەو بوارەدا وەپێش هەموو خەنیمەکانی خۆی بکەوێت. لە ساڵی ٢٠١٥ی زایینی بەڕوونی گوتی، ئەنجومەنی شارەزایان مافی ئەوەی نییە چاودێریی کارەکانی ڕێبەر بکات. لە جێیەکی دیکەیشدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە حکوومەت ڕەوایی خۆی لە خەڵک وەرناگرێت.

بەڵام وێ دەچێت کە بە چەند هۆیەک شانسی بۆ جێنشینیی عەلی خامنەیی کەم بێت. گرنگترین هۆ ئەوەیە کە ئەویش وەکوو فەقیهەکانی دیکەی حەوزە بە پلەی فەقیهی و ئیجتیهاد نەگەیشتووە. هۆکاری دیکەیشی، بوونی ململانێ و ناکۆکییەتی لەگەڵ بەشێک لە کۆڵەکەکان و دامەزراوەکانی نیزام. ئەویش دوای براکەی (عەلی لاریجانی) لە بەربژێری بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار بێبەش کرا. ڕەخنەی لە دەزگە ئەمنییەکان گرت. بێجگە لەوە، لەو ماوەیەدا کە سەرۆکی دەزگەی دادوەری بوو، بە گەندەڵی تۆمەتبار کرا.[٢٤]

## چوار. ڕێبەر پێش ئەوەی ماڵاوایی لە ژیان بکات جێنشین بۆ خۆی هەڵبژێرێت، کە دەشێت لە یەکێک لەو حاڵەتانەی خوارەوەدا ئەم خاڵە بێتە گۆڕێ:

**ئا.** ئایەتوڵڵا خامنەیی لەناو ئەو کەسانەدا کە ناویان برا، یەکێکیان بۆ جێنشینیی خۆی هەڵبژێریت و داوا لە ئەنجومەنی شارەزایان بکات هەڵبژاردنەکەی پەسند بکەن. دوایی لەبەر نەخۆشی و بێتوانایی دەست لە پۆستەکەی بکێشێتەوە. بە گوێرەی ئەو کاریگەری و نفووزەی خامنەیی لەناو ئەنجومەنی شارەزایاندا هەیەتی، ئەنجومەنی شارەزایان داواکەی دەپەژرێنن.

**ب.** هەروەکوو لە سەردەمی خومەینیدا، حسێنعەلی مونتەزیری – پێش لادانی- جێنشینی خومەینی بوو. خامنەییش جێنشینێک بۆ خۆی هەڵبژێرێت تاکوو لە ئەگەری مەرگ، یان بێتواناییی خامنەییدا ئەنجومەنی شارەزایان ئەو جێنشینە بە ڕێبەری نوێی ئێران هەڵبژێرێت. هەڵبەت نابێ ئەوەیش لەبەرچاو نەگیرێت کە بەشێک لە سەرچاوە ئێرانییەکان پێیان وایە پۆستی جێنشینی لە یاسا و شەرعدا نەماوە و، دووریشە لەوەی کە ئیمکانی زیندووکردنەوەی هەبێت.[٢٥]

جیاوازیی نێوان ئەو سیناریۆیە و سیناریۆی وەسیەت (سیناریۆی دووەم) کە پێشتر باسی کرا، ئەوەیە کە لە وەسیەتدا، ناوی ئەو کەسەی لەلایەن ڕێبەرەوە هەڵبژێردراوە تاکوو دوای خامنەیی بەنهێنی دەمێنێتەوە و دوای مەرگی خامنەیی، ئەنجومەنی شارەزایان و دامەزراوە بڕیاردەرەکانی دیکە ناوەکەی ئاشکرا دەکەن. بەڵام ئەم سیناریۆیە لەسەر ئەو گریمانەیە هەڵچنراوە کە خامنەیی پێش ئەوەی ماڵاوایی لە ژیان بکات ، جێنشینەکەی خۆی دەناسێنێت و پاشان بەهۆی بەساڵاچوونەوە، یان نەبوونی توانای ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی، یان بە هەر هۆیەکی دیکە دەست لە پۆستی ڕێبەری دەکێشێتەوە.

## پێنج. لە دەرەوەی سیستەم:

ئەم ئەگەرەیش لە گۆڕێیە کە ئەنجومەنی شارەزایان کەسایەتییەکی کۆنەپارێز کە لە باڵبالێنە سیاسییەکانی وڵاتدا بەشدار نەبووە، بۆ نموونە، یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەزایان، یان یەکێک لەو ڕۆحانییە دیارانەی کە مەرجە دیاریکراوەکانی ناو دەستووری هەبێت و، هاوکات پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ نوخبە ئایینییەکان و دامەزراوە ئەمنییەکان هەبێت، وەکوو ڕێبەر هەڵبژێرێت. بەڵام ئەوەی کە شانسی ئەم سیناریۆیە کەم دەکاتەوە ئەوەیە کە کەسێک کە لە

باڵباڵێنی سیاسی و ململانێکاندا بەشدار نەبووبێت، مەرجی شیاوی و تێگەیشتوویی و ڕوانگەی فیقهی و سیاسییشی نییە. هەروەها کەسایەتییە پڕنفووزەکان، یەکەم، بۆ پاراستنی هێڵی شۆڕش و، دووەم، بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییە کەسییەکان و هێڵی هزریی خۆیان، قبووڵی ناکەن کەسێکی پێشتر لە تیمی خۆیاندا نەبووبێت، بێتە ناو ئەو گۆڕەپانەوە.

بەکورتی، ڕێبەری داهاتووی ئێران لە دەرەوەی باڵی بنەماخواز و دامەزراوە لایەنگرەکانی نابێت. ئەگەر ڕووداوێلی چاوەڕواننەکراویش سەر هەڵنەدەن، شایەدی هیچ گۆڕانێکی بەرچاو لە ستراتیژیی دامەزراوەکانی ئێراندا نابین. چونکە هەر کەسەو بۆ بەهێزکردنی ڕەوایی ئایینی، ئایینزایی و سیاسیی خۆی، هەوڵ دەدات لەگەڵ ویلایەتی فەقیه و گرووپە هاوبەرژەوەندییە ئایینی و سەربازییەکان هاوهەنگاو بێت و ڕەنگە هەوڵی ئەوەیش بدات کە لەو نێوانەدا شانسی خۆی زیاد بکات.

## شەشەم: گۆڕانی کەش.. مشتومڕ لەسەر دەستوور

دەستوور لە بابەتی پێویستدا پێشبینیی پێداچوونەوەی کردووە: "پێگەی ڕێبەری دوای ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام بەپێی بڕیارێک بۆ سەرۆککۆمار ئەو خاڵانە بە ئەنجومەنی پێداچوونەوەی دەستوور پێشنیار دەکات کە پێویستیان بە هەموارکردنەوە، یان تەواوکەری دەستوور هەیە" (ماددەی ١٧٧ی دەستوور).

بەپێی ماددەی ١٧٧ی دەستوور پێکهاتەی ئەنجومەنی پێداچوونەوە بریتین لە: "ئەندامانی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور، سەرۆکی هەرسێ دەسەڵاتەکە، ئەندامانی نەگۆڕی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، پێنج کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەری، ١٠ کەس بە هەڵبژاردنی ڕێبەر، سێ کەس لە ئەنجومەنی وەزیران، سێ کەس لە دەسەڵاتی دادوەری، ١٠ کەس لە ئەندامانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی (پەرلەمان) و سێ کەسایەتیی زانکۆیی." بەڵام بڕیارە پەسندکراوەکانی ئەو ئەنجومەنە "دوای پەسند و واژووکردنی ڕێبەر" دەخرێتە ڕیفراندۆمەوە.

کەواتا دەکرێ بڵێین ئەندامانی ئەنجومەنی پێداچوونەوەی دەستوور لەژێر فەرمانی ڕێبەردان و تەنانەت ئەنجومەنەکە بە فەرمانی ڕێبەر دوای ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام پێک دێت. تەنانەت بڕیارەکانی ئەو ئەنجومەنە پێش هەموو شتێک دەبێ لەلایەن ڕێبەرەوە پەسند بکرێن. سەرباری ئەوانە، هاوکات دەستووریش کۆمەڵێک سنووری بۆ هەر چەشنە هەموارکردنەوە و گۆڕانێک لە ناوەڕۆکەکەیدا سەبارەت بە ئیسلامیبوونی وڵات، چییەتیی ئیسلامیبوونی نیزامی سیاسی و بنەمای ویلایەتی فەقیه و هتد داناوە. "ناوەڕۆکی بنەما پەیوەندیدارەکان بە ئیسلامیبوونی

نیزام، دانانی بنیادی هەموو یاساکان و ڕێنوێنییەکان بەپێی پێوانە ئیسلامییەکان و پایەکانی باوەڕمەندی و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆماریبوونی حکوومەت و ویلایەتی ئەمر و ئیمامەتیی ئۆمەت و... نەگۆڕە."

تێبینی دەکەین کە دەستوور، **یەکەم**، دەرگەی لەسەر هەموو دامەزراوەکان و لایەنەکان و ئەو کەسانە داخستووە کە خوازیاری پێداچوونەوەی دەستوورن و لەم بابەتەدا بڕیاری کۆتایی، لای ڕێبەرە. دووەم، دەرگەی لەسەر هەر چەشنە هەموارکردنەوەیەکی ئەو ماددانە داخستووە کە پەیوەندییان بە چییەتیی نیزامی سیاسی، لەوانە ویلایەتی فەقیھ و ئیمامەتییەوە هەیە.

بەهۆی ئەو قەیرانەوە کە ئێستا ئێران لەگەڵیدا دەستەویەخەیە؛ لەناوچوونی نەوەی یەکەمی شۆڕش و، نزیکبوونەوەی نەوەی دووەم لە نووکی هەڕەمی دەسەڵات و، بە سەرنجدان بە گەورەبوونەوەی بارستاییی دامەزراوە چاودێرییەکان، لە ڕوانگەی ڕیفۆرمخوازان و لایەنگرانی حکوومەتی یاساتەوەرەوە، ئێران پێویستی بە ڕیفۆرمی ڕیشەیی لە دەستووردا هەیە. بەڵام دەستوور مافێکی وایان پێ نادات و لەو بارەیەوە دەبێ پێش هەموو شتێک، ڕێبەر ڕەزامەندی دەرببڕێت.

## ئێستا لە ئێران سێ ڕوانگەی جیاواز دەربارەی دەستوور هەیە.

**ڕوانگەی یەکەم:** نوخبە دەسەڵاتدارەکانن کە بەتەواوی دژی هەر چەشنە گۆڕانێکی دەستوورن.
**ڕوانگەی دووەم:** خوازیاری گۆڕانی ڕیشەییی دەستوورن.
**ڕوانگەی سێیەم:** لەناو نیزامدان، بەڵام خوازیاری گۆڕانی حەکیمانەی دەستوورن، بە چەشنێک کە لەگەڵ هێزی ڕیفۆرمخوازانەیان یەک بگرێتەوە.

### یەک. ڕیفۆرم لە ناوەوە:

محەممەد خاتەمی، سەرۆککۆماری پێشووتری ئێران، یەکێک لە تیۆریدانەران و بناغەداڕێژانی لایەنی ڕیفۆرمخوازە. خاتەمی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە باشترین ڕێگەی گۆڕانی بارودۆخ و باشکردنی ڕەوشەکە، لەناو نیزامەوەیە و پێویستی بە گۆڕانی دەستوور نییە. بە باوەڕی خاتەمی "بە گەڕانەوە بۆ ڕۆح (و تەنانەت دەق)ی هەمان دەستوور، ڕیفۆرمێکی زۆر مەیسەر دەبێت." ئەو، نەک هەر دژی هەموارکردنەوەی دەستوورە، بگرە سەبارەت بە ڕووخاندنی نیزامیش هۆشداری دەدات. چونکە ڕووخاندن گەلێک مەترسیی بۆ گەل و وڵات لێ دەکەوێتەوە. بەڵام دەکرێ تەنیا شێواز و ڕەفتار بگۆڕدرێت. پەیامی خاتەمی ڕۆژێک دوای ئەوە بڵاو بووەوە کە میرحسێن مووسەوی پەیامێکی بۆ پێویستیی گۆڕینی دەستوور و پێکهێنانی ئەنجومەنی

دامەزرێنەران بڵاو کردەوە."[٢٦]

بەڵام هاوکات، خاتەمی کۆمەڵێک پێشناری زانستیی بۆ هەمووارکردنەوەی دەستوور خستووەتە ڕوو و، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو ڕێکارانە دەتوانن لە قەیرانی ئێستای وڵاتدا کرانەوەیەک بەدی بێنن؛ پێشنیارەکانی خاتەمی بریتین لە گرنگیدان بە یەکپارچەیی نیشتمانی، لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕوانگەکان و سەلیقەکان و پێکهاتە ئیتنییەکان (ئەقوام) و کۆتاییهێنان بە ململانێکان و هەڵگرتنی گەمارۆ لەسەر ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز و ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی و ڕاگەیاندنی لێبووردنی گشتی و چاکسازی لە میکانیزمی پێکهێنانی ئەنجومەنی شارەزایان و چاکسازی لە ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور.[٢٧]

ئەو لایەنەی کە ویلایەتی فەقیە و پێکهاتەی ئێستای حکوومەتی قبووڵە، هەوڵ دەدات لە ناوەوە ڕەفتاری نیزام بگۆڕێت و بەتەمای ئەوە نییە بەگژ حکوومەتدا بچێتەوە و باوەڕی بەوە هەیە کە هەر چەشنە هەنگاوێکی شۆڕشگێرانە، ئەگەری ئەوەی هەیە کە یەکپارچەیی وڵات و ئاسایشی نیشتمانی بخاتە بەردەم مەترسییەوە.

### دوو. چاکسازیی ڕیشەیی و گۆڕینی دەستوور:

لە هەمان ساڵی ١٩٨٩ی زایینییەوە کە هەمووارکردنەوەیەک لە دەستووردا کرا، کەسانێک خوازیاری گۆڕانی دەستوور و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ڕێبەر بوون؛ چونکە لە دەستووری هەمووارکراوەدا دەسەڵاتێکی زۆر بە ڕێبەر درابوو و وشەی "ڕەها" لە دەستەواژەی ویلایەتی فەقیە زیاد کرابوو. بێجگە لەوە، دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور، ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام و دەسەڵاتی دادوەری کە هەموویان لەژێر چاودێریی ڕێبەریدا بەڕێوە دەبرێن، زیاد کرابوو. لە ئەنجامدا، بەکردەوە هیچ دامەزراوەیەک دەسەڵاتی چاودێریی بەسەر ڕێبەری و دامەزراوەکانی ژێر چاودێریی ئەوییەوە نەبوو. لەسەر ئەم بنەمایە، بەشێکی زۆری بیرمەندان و سیاسەتکارانی ئێرانی بەو ئەنجامە گەیشتن کە نیزامی ویلایەتی فەقیە بەبێ گۆڕانی دەستوور و دیاریکردنی ساڵانی خولی ڕێبەری و کەمکردنەوەی دەسەڵاتە ڕەهاکانی کە دەستووری ئێستا پێی بەخشیوە، خۆی بەدەست هەمووارکردنەوەوە نادات.

لەم بوارەدا، بەشێکیان، لەوانە مستەفا تاجزادە داوا دەکەن دووبارە پێداچوونەوە بە دەستووردا بکرێت و ناوی پێگەی ڕێبەری لە دەستووردا لا ببەن. مستەفا تاجزادە، کەسایەتییەکی ڕیفۆرمخوازە کە لە سەردەمی خاتەمیدا جێگری ئەمنی و سیاسیی وەزارەتی ناوخۆی لە ئەستۆ بوو. ئەو، پێشنیار دەکات پێگەی ڕێبەری و سەرۆکایەتیی کۆمار تێکەڵ بکرێن و ڕێبەر

ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت و بە لانی زۆرەوە دوو خول بتوانێت لە پێگەی ڕێبەریدا بمێنێتەوە. تاجزادە لە وەڵامی بەشێک لەو توندڕۆیانەدا ئەم باسەی هێنایە گۆڕێ کە داوایان دەکرد نیزامی سەرۆکایەتی بۆ نیزامی پەرلەمانی بگۆڕدرێت.[٢٨]

تاجزادە لە وتارێکی دیکەدا خاڵە لاوازەکانی دەستووری ئێستا دەخاتە ڕوو و بەو ئەنجامە دەگات کە ئەو کەموکورییانەی دەستوور بەبێ لادانی پێگەی ڕێبەری مەیسەر نابێت. لە ڕوانگەی ئەوەوە، خاڵە لاوازەکانی دەستووری ئێستا بریتین لە: ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، لەوانە مافە سیاسی و مەدەنییەکان، هەروەها مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و، مافی کەمینەکانیش بەدروستی لە دەستووردا گەرەنتی نەکراوە. هەروەها نەبوونی ئەو شێواز و یاسایانەی کە ئازادیی حزبەکان، ڕێکخراوەکان، سەندیکاکان و کۆبوونەوە دوور لە توندوتیژییەکانی خەڵک گەرەنتی بکات. دەزگەی دادوەری لە ئێران سەربەخۆیی نییە و وەکوو کەرەستەیەک لەژێر دەسەڵاتی ڕێبەردایە. چاودێریی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور کە ئەندامەکانی لەلایەن ڕێبەرەوە هەڵدەبژێردرێن لەسەر هەڵبژاردنە جیاوازەکان؛ لە کاتێکدا دەبێ ئەم کارە بە کۆمیسیۆنێکی نیشتمانیی هەڵبژاردن بسپێردرێت. جیاکاریی ئایینزایی، ڕەگەزی و زایەندی (جسنیەتی) لە بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان هەیە و لە دەستووردا بەربەست بۆ دەستێوەردانی هێزە سەربازییەکان لە کاروباری سیاسی و ئابووری و کەلتووریدا دانەنراوە و سزای بۆ دیاری نەکراوە. کاروباری پەیوەندیدار بە یاسادانانەوە، دەبێ لە دەسەڵاتی مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا بێت؛ نەک بکرێتە بەرپرسیارێتیی دامەزراوە یاسادانەرەکانی وەکوو ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور و ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام کە لەلایەن ڕێبەرەوە دیاری دەکرێن. دانانی سیاسەتە گشتییەکانی نیزام، دەبێ لە دەسەڵاتی مەجلیسی هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵک و حکوومەتدا بێت. بەڵام لە نیزامی ئێراندا ئەو دەسەڵاتانە بە ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام سپێردراوە و ئەم کارەیش لەگەڵ بنەما دیموکراتیکەکان ناکۆکە.[٢٩]

لە ساڵی ٢٠١٨ی زایینی، مەهدی کەڕوبی، یەکێک لە ڕێبەرانی ڕیفۆرمخواز کە لە ساڵی ٢٠١١وە لە ماڵەکەی خۆیدا دەسبەسەر کراوە، جەختی لەسەر پێداچوونەوەی دەستوور کرد تاکوو پاوانکردنی دەسەڵات کۆتایی بێت و هاوبەشیی گەل گەرەنتی بکرێت. ئەو هۆشداریی بە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەزایان دا کە کەمتەرخەمیی ئەوان لە چاودێریکردن بەسەر ڕێبەریدا خیانەتە لە ئامانجەکانی شۆڕش. کەڕوبی هەروەها داوای لە ئەنجومەنی شارەزایان کرد، بەهۆی ئەوەی بۆ ماوەی سێ دەیە حکوومەتی خامنەیی بارودۆخی ئێرانی تووشی ئاڵۆزی کردووە، لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەن.[٣٠]

میرحسێن مووسەوی، ڕێبەری بزووتنەوەی سەوزیش لە ٤ی فێبریوەریی ٢٠٢٣ بەیاننامەیەکی لەژێر سەرناوی "بۆ ڕزگاریی ئێران" بڵاو کردەوە و تێیدا نوخبە دەسەڵاتدارەکانی لە بەرانبەر "شێوازە سەرکوتکەرەکان لە جیاتی گفتوگۆ و ڕازیکردن"،

"درزی چینایەتی"، "گەندەڵیی بەربلاو لە دامەزراوەکانی پارە و داراییدا"، "زەبروزەنگی بەربلاوی کەلتووری" و "سەرکوتی درندانەی ژنان"دا بە بەرپرس لە قەڵەم دا. مووسەوی لە نامەکەیدا بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئەم ستراتیژییە "بۆ خەڵکی ئێمە دەری خست کە جێبەجێکردنی دەستوور بەبێ هیچ سازشێک، وەکوو دروشمێک کە سێزدە ساڵە دڵی پێ خۆش دەکرا، ئیتر کارساز نییە و دەبێ هەنگاوێک لەوە بەولاوەتر بنرێت."

مووسەوی بەپێچەوانەی خاتەمی و هاوفکرەکانییەوە کە ڕیفۆرمخوازیی هەنگاو بە هەنگاو بە ڕێگەچارە دەزانن، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئێران پێویستی بە کۆمەڵێک ڕێگەچارەی بنچینەیی هەیە.

"ئێران و ئێرانییەکان پێویستیان بە گۆڕانێکی بنچینەیی هەیە و بۆ ئەوەیش ئامادەن و هێڵە سەرەکییەکانیشی لەلایەن بزووتنەوەی بێگەردی "ژن، ژیان، ئازادی"یەوە دیاری دەکرێت. ئەم سێ وشەیە تۆوی داهاتوویەکی ڕووناکن؛ داهاتوویەکی هەڵپاچراو لە ستەم و هەژاری و سووکایەتیپێکردن و جیاکاری. ئەمانە سێ وشەن کە لەگەڵ خۆیان مێژوویەک لە جموجۆڵ و هزرین و خەبات و ئارەزوو هەڵدەگرن؛ لەنێویاندا "ژن" لە گشتی هیوابەخشترە، چونکە لەنێو ئێمەدا بەختەوەری و خێری گشتی بەدەست ناکەوێت و خەباتە گەورە کۆمەڵایەتییەکان سەر ناکەون، مەگین ئەوەی کە ژن و پیاو شان بە شانی یەک هەوڵی بۆ بدەن، هیچ خەباتێکیش نییە کە بەم مەرجەوە سەر نەکەوێت." لێرەدا مووسەوی هەوڵ دەدات ڕاپەڕینی ئێستای ژنانی ئێرانی کە چەند مانگێک لەمەوپێش بۆ وەلانانی حیجابی زۆرەملێ دەستی پێ کردەوە، بەکار بێنێت و ویستی خۆی دەربارەی گۆڕانی بنچینەیی لە چییەتیی نیزامدا بێنێتە گۆڕێ. وا دیارە بیرکردنەوەی سیاسیی ئەو لەگەڵ شێوازەکەی خاتەمی بەتەواوی جیاوازە. خاتەمی ڕەوشی گفتوگۆ و چاکسازی لە ناوخۆدا پێشنیار دەکات، کەچی مووسەوی ڕێگەی شۆڕشگێڕانە و ڕاپەڕین و گۆڕانی بنچینەیی بە کارساز دەزانێت.

پاشان ئەو بۆ دەرچوونی ئێران لەو قەیرانەی ئێستای، کۆمەڵێک پێشنیار دەخاتە ڕوو کە بریتین لە: بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم بۆ پێویستیی پێداچوونەوەی دەستوور، یان دانانی دەستوورێکی نوێ و پێکهێنانی ئەنجومەنی دامەزرێنەران لە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاکدا[٣١]. مووسەوی نەک هەر داوای پێداچوونەوە، یان گۆڕانی دەستوور دەکات، بگرە بە هیچ شێوەیەک ئەنجومەنی پێداچوونەوەی دەستووری ئێستای قبووڵ نییە و خوازیاری پێکهێنانی ئەنجومەنی دامەزرێنەرە "لە نوێنەرانی ڕەستەقینەی گەل"!

بەڵام دەستوور جێبەجێکردنی هەمووی ئەم کاروبارەی، بەستووەتەوە بە ویستی ڕێبەر و نوخبە ئایینییە دەسەڵاتدارەکانەوە. کەواتا هەر چەشنە گۆڕانێکی بنچینەیی تەنیا لە ڕێگەیەکی بەدەر لە چوارچێوەی دەستوورەوە دەلوێت و ئەمەیش لە

داهاتوویەکی نزیکدا زۆر بەدوور دێتە بەرچاو.

## ئەنجام

دەتوانین بڵێین لە ڕۆژی دوای خامنەیی کە نوخبە دەسەڵاتدارەکان دەگۆڕدرێن و بەڕێوەبردنی وڵات لە نەوەی یەکەمی شۆڕشەوە بە نەوەی دووەمی شۆڕش دەسپێردرێت، نەوە نوێیەکان، واتا نەوەکانی دووەم و سێیەم و نەوەی سەرەتای هەزارەی سێیەمی زایینی خۆیان دەردەخەن و، ئێران لە ئاستی بیرکردنەوەکان و سیاسەتەکاندا گۆڕانێکی بەرفراوان ئەزموون دەکات. بەڵام هاوکات نوخبەکانی داهاتوو بۆ بەهێزکردنی ڕەوایی خۆیان و دانانی هاوسەنگی لە ململانێی نێوان دامەزراوە جیاوازەکان و بەڕێوەبردنی دەزگەی بیرۆکراسی کە لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینییەوە گەشەی کردووە و تا ئێستا تێربەز بووە، هەوڵ دەدەن شێوازی بناغەدانەرانی نیزام، بکەن بە سەرمەشقی خۆیان. بەڵام ئەو ئەگەرەیش هەیە کە لە ئەنجامی گۆڕانی بیرکردنەوەکان و سیاسەتەکاندا نوخبە نوێیەکان هەوڵ بدەن لە ئاستی ناوچەکەدا شێوازێکی کردەوەخوازانەتر [پراگماتیکتر] ڕەچاو بکەن و تێکهەڵچوونی ئێران لە ناوچەکەدا کەم بکەنەوە و، هەوڵ بدەن ڕەزامەندیی توێژە پەراوێزخراوەکانی ناوخۆ، وەکوو ژنان، لاوان، پێکهاتە ئیتنییەکان (ئەقوام) و ئایینزا جیاوازەکان بەدەست بێنن. ئەگەری ئەوەیش لە گۆڕێیە کە ئەو سیاسەتانە بۆ ماوەیەکی درێژ پەیڕەو بکرێن، واتا نیزام ئەو بابەتانە بپەژرێنێت و ئەوە بکاتە ستراتیژیی خۆی. لە لایەکی دیکەیشەوە لەوانەیە ئەم بابەتانە لە ڕووی کردەوەخوازی و بەرژەوەندیخوازییەوە لە ماوەیەکی دیاردا پەیڕەو بکرێن تاکوو بارودۆخی ناخۆیی و دەرەکی، خۆی دەگرێتەوە.

بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ، کە ئاخۆ تیۆریی ویلایەتی فەقیە وەکوو تیۆریی حکوومەتی ئێران هەر دەمێنێت؟ لە وەڵامدا بەبێ ئەوەی تەنیا ئەگەرەکان بینینە گۆڕێ، دەڵێین، بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی ئێستا، بە ئەگەری زۆرەوە ویلایەتی فەقیە وەکوو تیۆریی حکوومەتی لە ئێراندا هەروا دەمێنێتەوە. چونکە ویلایەتی فەقیە بەشێکە لە جەوهەر و چییەتیی شۆڕش و لە دەستووریشدا ڕوون کراوەتەوە و، بگرە بنەمای ویلایەتی فەقیە لە سەرووی دەستووریشەوەیە. ئەگەر کاتێک بێت و نوخبەکان دەست بۆ پێداچوونەوەیەکی بچووکیش لە دەستووردا ببەن، بنەمای ویلایەتی فەقیە قابیلی گۆڕان نییە. حەوزەی زانستیی شیعەیش لەسەر ئەو بنەمایە چڕ بووەتەوە و زۆر باسی لەسەر کردووە. لە دەیەکانی ڕابردوودا، لە سایەی ویلایەتی فەقیەدا و بە پێی هەمان تیۆری، تۆڕێکی پەیوەندیی ئایینی، سیاسی و ئەمنی پێک هاتووە و دوای ساڵی ١٩٧٩ی زایینی، ویلایەتی فەقیە وەکوو هێمای ڕەوایی (شەرعییەت) باسی لێوە کراوە. لە ئەنجامدا، دەتوانین بڵێین تاکوو ئەو کاتەی دەربارەی ئەو بژارە عەقڵانییانە دەدوێین کە ئەگەری هاتنەگۆڕێیان هەیە، ویلایەتی فەقیە لە جەرگەی ئەو بژارانەدایە. بەڵام ئەگەر باسی ڕووداوی چاوەڕواننەکراو و پێشبینینەکراوی وەکوو شۆڕش دژی نیزامی ئێستا، یان کودەتا

بێتە گۆڕێ، ئەوە بابەتەکە بەتەواوی جیاوازە و لە چوارچێوەی ئەو سیناریۆ عەقڵانی و ڕاستەقینە بەردەستانەی بابەتی ئەم تـوێژینەوەیەدا ناگونجێت. ناشبێت ئەوەمان لەبەرچاو نەبێت کە تیـۆریی ویلایەتی فەقیھ سەرەکیترین پێـوەری هەڵبژاردنی ڕێبەری داهاتوو و دیاریکردنی شێوازی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی ئەوە و، پێوەریشە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی وەفاداریی ئەو بە شۆڕش و پابەندبوونی بە ناسنامە و شوناسی نیزامی سیاسیی دوای شۆڕش. بەڵام دەربارەی ڕێبەری داهاتووش، دەبێ ئەوە بڵێین کە بە ئەگەری زۆرەوە یەکێک لەو کەسانەی کە لەم توێژینەوەیەدا ناومان هێنان، وەکوو ڕێبەر هەڵدەبژێردرێت و درێژە بە هەمان شێوازی سیاسیی ئێران دەدات کە لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینییەوە تا ئێستا بەردەوام بووە و، بێ گومان، ڕێبەری داهاتوو بە هەمان شێوازی خومەینی و خامنەیی وەفادار دەبێت. هەروەکوو پێشتریش ئەزموون کراوە، لانی کەم لە خولی یەکەمدا هەوڵ دەدات دەوڵەتمەداری بکات بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی وڵات - وەکوو ئەوەی کە پێشتر ڕووی داوە - کەسایەتییەکی لێ دروست بکەن و بانگەشە بۆ زاناتربوونیشی بکەن.

## سەرچاوە:

https://rasanah-iiis.org

[١] بڕیارە شەرعییەکان بەسەر سێ بەشدا دابەش دەبن. یەکەم: بڕیاری یەکەم کە بڕیاری سەرەکییە. دووەم: بڕیاری دووەم کە بڕیاری لاوەکییە و، تەنیا کاتێک کار بە بڕیاری دووەم دەکرێت کە پەیڕەوی لە بڕیاری یەکەم مومکین نەبێت. بڕیاری دووەم درێژەی بڕیاری یەکەمە و، هەر کاتێک جێبەجێکردنی بڕیاری یەکەم تووشی گرفت ببێت، نۆرەی بڕیاری دووەم دێت. جیاوازیی نێوان بڕیاری یەکەم و بڕیاری دووەم لەوەدایە کە بڕیاری یەکەم تاهەتایی و هەمیشەییە، کەچی بڕیاری دووەم کاتییە. بەڵام بڕیاری سێیەم، بڕیاری ویلایی، یان هەمان بڕیار (حوکم)ی حکوومەتییە و مەبەست لە هەمووی ئەو بڕیارانەیە کە وەلیی فەقیھ بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی موسڵمانان دەریان دەکات. ئەو بڕیارانە بریتین لە دانانی یاساکان و ڕێنوێنییە گشتییەکانی وڵات، جێبەجێکردنی بڕیارەکان و یاسا شەرعییەکان لە بواری کاروباری کۆمەڵایەتیدا. خومەینی بڕیاری حکوومەتی (حوکمی حکوومەتی)ی لە ڕیزەی بڕیاری یەکەمدا داناوە: "ویلایەتی فەقیھ و بڕیارە ویلاییەکان لە بڕیاری یەکەمن." ر.ک : علي حب الله، دراسات في فلسفة أصول الفقه، (بيروت: دار الهادي، ٢٠٠٥م)، ص٥١٦.

[٢] ر.ک: القاضي أبو بكر الباقلاني، جزء من التقريب والإرشاد، تحقيق عدنان العبيات، (الكويت: أسفار لنشر نفيس الكتب، ٢٠٢٢م)، ص٣٩٧. والجويني: كتاب التلخيص في أصول الفقه، (بيروت: دار البشائر الإسلامية، ١٩٩٦م)، ٣/ ٤٦٦. والغزالي، المستصفى من علم الأصول، (بيروت: مؤسسة الرسالة، ٢٠١٥م)، ٢/ ٤٠٥.

[٣] ر.ک: سعيد منتظري، نقد الذات، مترجم: فاطمة الصمادي، بازنگرى: صادق العبادي، (بيروت: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، ٢٠١٩م)، ص١٢٨- ١٢٩.

[٤] همان، ص١٣٩- ١٤٠، وص١٥٠.

[٥] ر.ک: محمد الصياد، نظرية الأعلمية في الفكر الشيعي وأزمة اختيار الولي الفقيه، ١٨ جولاى ٢٠١٨م (تاريخ بازديد: ٠٣ آوريل ٢٠٢٣م). https://bit.ly/40TYbHJ

[٦] سعيد منتظري، همان، ص١٣٠.

[٧] لندا س. والبرج "تحري"، الأعلم بين الشيعة دارسة في مؤسسة مرجعية التقليد، (بيروت: المركز الأكاديمي للأبحاث، ٢٠١٧م)، ص٤٠٠- ٤٠١.

[٨] نقد الذات، ١٢٩.

[٩] القدس العربي، أوليفييه روا في شوارع طهران.. صور من العالم الدنيوي، ٠٩ جولاى ٢٠٢١م (تاريخ بازديد: ٠٤ آوريل ٢٠٢٣م). https://bit.ly/3lWCzMf

[١٠] الشرق الأوسط، قراءة في الدستور الإيراني، همان.

[١١]-مجلس خبرگان بايد انقلابى بماند/ مقايسه رفتار نجيبانه راى نياورندگان انتخابات اخير با رفتار نانجيبانه فتنه گران ٨٨/ نبودن آقايان مصباح ويزدى براى مجلس خبرگان خسارت است، (٢٠ اسفند ١٣٩٤ هـ. ش)، تاريخ بازديد: ٢٨ مى ٢٠٢٣.

https://cutt.us/1voHX

[١٢] نقد الذات، همان، ص١٣١.

[١٣] الشرق الأوسط، قراءة في الدستور الإيراني (٢- ٣)، ١٠ ژانويه ٢٠١٦م، (تاريخ بازديد: ١٩ مارس ٢٠٢٣م). https://bit.ly/3ToIqpO

[١٤] ر.ک: محمد الصياد، أيدولوجيا الحرس الثوري: الأدوار والتوجهات وتحولات البنية العقدية، مجله الدراسات الإيرانية، سال سوم شماره ده، اكتبر ٢٠١٩م، الرياض، ص٢٩- ٤٨.

[١٥] ر.ک: الشرق الأوسط، قراءة في الدستور الإيراني (١-٣)، ٠٩ ژانويه ٢٠١٦م، (تاريخ بازديد: ١٩ مارس ٢٠٢٣م). https://bit.ly/40kj5zo

[١٦] الجزيرة نت، مجلس تشخيص مصلحة النظام، ٢٠ آوريل ٢٠١٥م، (تاريخ بازديد: ٠٧ مى ٢٠٢٣م)، https://bit.ly/3M0nALc

[١٧] الجزيرة نت، لهذه الأسباب بقي نجاد واستبعد روحاني من تشكيلة مجمع تشخيص مصلحة النظام بإيران، ٢٢ سپتامبر ٢٠٢٢م (تاريخ بازديد: ٠٧ مى ٢٠٢٣م)، https://bit.ly/3NLGSp٩

[١٨] الشرق الأوسط، قراءة في الدستور الإيراني، همان.

[١٩] إيران واير، گزارش: آیت الله شدن یک شبه رئیسی وانتظار برای القاب بعدی، ٢٣ ژوئن ٢٠٢١م (تاريخ بازديد: ٢٣ مارس ٢٠٢٣م). https://bit.ly/٤٠٩ژ٢rE

[٢٠] دور منطقی: دور، از اصطلاحات علم منطق بوده و به معنی توقف وجودی دو چیز بر همدیگر می باشد. مانند توقف الف بر باء و توقف باء بر الف.

[٢١] ر.ک: رادیو فردا، رئیسی؛ »سیاست مشت آهنین« وتلاش رای نزدیکی به کرسی رهبری، ٠٨ سپتامبر ٢٠١٩م (تاریخ بازدید: ٠٤ آوریل ٢٠٢٣م). https://bit.ly/٢m٦٧٨Qc

[٢٢] راجع: iran-tc: آیا مجتبی خامنه ای در جانشینی رهبر ایران نقش خواهد داشت؟، ١٤ فوریه ٢٠٢١م (تاریخ بازدید: ٢٨ مارس ٢٠٢٣م). https://bit.ly/42Ntztm

[٢٣] بی بی سی فارسی، میرحسین موسوی درباره موروثی شدن رهبری در ایران هشدار داد، (١٨ مرداد ١٤٠١ه.ش)، تاریخ بازدید: ٢٩ می ٢٠٢٣. https://cutt.us/Nj3Yn

[٢٤] رصانه، کنار زدن برادران لاریجانی از رقابت بر سر نفوذ در ایران، ٠١ ژوئن ٢٠٢١م (تاریخ بازدید: ٢٧ مارس ٢٠٢٣م). https://bit.ly/3FPEZ5Z

ر.ک: رصانة ، صراعات رجال الدين في إيران.. اتهامات متبادلة بالفساد، ٢٥ آگست ٢٠١٩م (تاریخ بازدید: ٢٧ مارس ٢٠٢٣م). https://bit.ly/2Zp04jM

[٢٥] انصاف نیوز، عضو خبرگان پاسخ می دهد: قائم مقامی رهبری قابل احیاست؟، ٠٢ ژون ٢٠٢٠م (تاریخ بازدید: ٠٨ ژوئن ٢٠٢٣م).

bit.ly/3CjCZAK

[٢٦] بي بي سي فارسي، محمد خاتمی: برای اصلاحات نیازی به تغییر قانون اساسی نیست، مردم حق دارند نومید شوند، ٠٣ فوریه ٢٠٢٣م (تاریخ بازدید: ٢٠ می ٢٠٢٣م). https://bbc.in/3YkHML٨

[٢٧] صدای آمریکا، خاتمی: اصلاح طلبی به «صخره» برخورد کرده؛ مردم از نظام ناامید شده اند، ٠٥ فوریه ٢٠٢٣م (تاریخ بازدید: ١٠ می ٢٠٢٣م). https://bit.ly/3DDJCib

[٢٨] پیشنهاد تاج زاده برای ادغام ریاست جمهوری و رهبری رادیو فردا، (٣ فرروردین ١٣٩٨هـ.ش)، تاریخ بازدید: ٣١ می ٢٠٢٣ https://cutt.us/YmEsd

[٢٩] زیتون، تاجزاده و لزوم بازنگری قانون اساسی با حذف ولایت فقیه، (١٥ بهمن ١٤٠١هـ.ش)، تاریخ بازدید: ٣١ می ٢٠٢٣م. https://cutt.us/JnNBK

[٣٠] کروبی: کوتاهی در مقابله با خودکامگی رهبر خیانت است، (١١ شهریور ١٣٩٧هـ.ش)، تاریخ بازدید: ٣١ می ٢٠٢٣م.

https://cutt.us/wxO5g

[٣١] وبسایت کلمة در تلگرام، "برای نجات ایران" (٤ فوریه ٢٠٢٣م)، تاریخ بازدید: ٢٩ می ٢٠٢٣.
https://bit.ly/3HBMzRN

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس – ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەزەڵوەری ٢٧٢٣ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ی زایینی

---